گولان

سیاسی



# دامەزراندنەوەی

# بارەگای بارزانی

## چەترێک بۆ دروستبوونەوەی ئیرادەی خێر و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ لە کوردستاندا

**ئێستای کوردستان پێویستی بەو ئیرادە خێرەیە کە لە ویژدانی زیندووی «مسعود بارزانی»یەوە بە بڕیاردان بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی بارەگای بارزانی لە کوردستاندا دروست دەبێتەوە**

**لە «بارەگای بارزانی»دا مرۆڤ هەر ناسنامە و ئایین و ئایدیۆلۆژیەتێکی هەبێت، خۆی ئامانجە، لەسەر هەر پرس و جیاوازییەک غەدری لێ بکرێت، ئەو غەدرە لادەبرێت و دووبارە ئیعتوبار بۆ کەرامەتی دەگێڕێتەوە**

**بارەگای بارزانی، تەنیا بارەگایەکی سیاسی نییە بەڵکو ئەم بارەگایە چەترێکە بۆ گێڕانەوەی ئیعتوبار بۆ کەرامەتی هەر تاک و گرووپ و نەتەوە و ئایین و هۆزێک کە لەلایەن بەرامبەرەکەیەوە غەدری لێ دەکرێت**

بارەگای بارزانی، هێمایە بۆ بارەگای مستەفا بارزانی لەناو شۆڕشی ئەیلوولدا، ئەم بارەگایە هەمووکات شوێنێك بووە بۆ راگرتنی باڵانس لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان و شوێنێك بووە بۆ راگرتنی باڵانس لە نێوان بیروبۆچوونە جیاوازەکانی حزبە سیاسییەکان، راشکاوانەتر بارەگای بارزانی تەنیا بارەگای سەرکردەیەکی سیاسی نەبووە، بەڵکو بارەگای ڕێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بووە و هەر چوارپارچەی کوردستانیش ئەو بارەگایەیان بە مەرجەعی خۆیان زانیوەو ئەرکەکانی پەیوەندی بە کۆی بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەبووە و، فاکتەرێك بووە بۆ چەسپاندنی یاسا و دادپەروەری لە کۆی بوارەکانی ژیان لە کوردستاندا، لەرووی سیاسیشەوە، ئەگەر مێژووی شۆڕشی ئەیلوول بخوێنینەوە، دەبینین زۆر جاران لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقدا کێشەو گرفتی سیاسی هەبووە، بەڵام لەناو «بارەگای بارزانی»-دا، سکرتێری حزبی شیوعی عێراق خوالیخۆشبوو عەزیز محەمەد شانازی بەوە کردووە کە بارزانی نوێنەرایەتی حزبی شیوعی بە تەنیا بکات، هەروەها زۆر جاران لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کاژیك) کێشەو گرفتی سیاسی هەبووە، بەڵام لەناو بارەگای بارزانی، مستەفا بارزانی خۆی بە ئەندامی کاژیك زانیوەو ئەوانیش شانازییان بەوە کردووە کە مستەفا بارزانی هەم سەرۆکی کاژیك بێت و هەمیش ڕێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بێت.

بارەگای بارزانی ئەو شوێنە بووە کە پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ تەواوی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان وەك (هونەرمەندان، نووسەران، زانایانی ئایینی ئیسلام و تەواوی زانایانی ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، نوێنەرانی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان و...هتد) هەبووە، لەمەش زیاتر بارەگای بارزانی دەرگای واڵا بووە بۆ هەر تاکێکی کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی، کە راستەوخۆ گلەیی و گازندەی خۆی لەسەر هەر پرسێك کە پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەیەوە هەبێت، گەیاندوویەتە ئەو بارەگایە و وەڵامی دراوەتەوە و

کێشەکەی بەپێی یاسا بۆ چارەسەر کراوە.

کەواتە ئەگەر لێرەوە ئەو بنەمایانە دەستنیشان بکەین کە بارەگای بارزانی لەسەری دامەزراوە، ئەوا دەکرێت بڵێین:

١- لە «بارەگای بارزانی»دا ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ دەگیرێت، بە جیاوازی ئایین و نەتەوە، ئەوجا ئەو مرۆڤە سەر بە هەر نەتەوە و ئایینێك بێت.

٢- لە «بارەگای بارزانی»دا ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ دەگیرێت، ئەوجا ئەو مرۆڤە هەر بیروبۆچوونێکی جیاوازی مرۆڤایەتی و نیشتمانییانەی هەبێت، یان سەر بە هەر حزبێکی سیاسی نیشتمانی و نەتەوەیی بێت.

٣- لە «بارەگای بارزانی»دا گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان بەرجەستە دەبێت و، جیاوازیی نێوان نەتەوە و ئایین توندوتیژی دروست ناکات، بۆیە ئەگەر لەسەر بنەمای جیاوازیی نێوان نەتەوە و ئایین جۆرێك لە توندوتیژی دروست بێت، ئەوا پێڕەوانی ئایینە جیاوازەکان و نەتەوە جیاوازەکان هەموو لایەکیان دەبێت دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن و جیاوازییەکان بە زیندوویی و ئاشتەوایی بهێڵنەوە، بێگومان ئەمە بۆ کێشەوگرفتی ئایدیۆلۆژیەتە جیاوازەکانی نێوان حزبە سیاسییەکانیش ڕاستە، کاتێك حزبە سیاسییەکان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیەتی جیاواز کێشەکانیان دەگەنە بنبەست و زمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن بوونی نامێنێت، ئەوا لە «بارەگای بارزانی»دا دەبێت هەموو حزبە سیاسییەکان دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن و یەکتری قبووڵ بکەن و دیسان جیاوازییەکان بە زیندوویی لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی بەرامبەر بهێڵنەوە.

٤- لە «بارەگای بارزانی»دا، مرۆڤ هەر ناسنامە و ئایین و ئایدیۆلۆژیەتێکی هەبێت، خۆی ئامانجە، ئەمەش بەو مانایەی لەسەر هەر پرس و جیاوازییەك غەدر لە مرۆڤ بکرێت، ئەوا لە بارەگای بارزانی ئەو غەدرە لادەبرێت و دووبارە ئیعتوبار بۆ کەرامەتی دەگێڕێتەوە.

کەواتە بارەگای بارزانی، تەنیا بارەگایەکی سیاسی نییە بۆ کۆکردنەوەی حزبە سیاسییەکان، یان چارەسەرکردنی کێشەوگرفتە سیاسییەکان، بەڵکو ئەم بارەگایە چەترێکە بۆ گێڕانەوەی ئیعتوبار بۆ کەرامەتی هەر تاك و گرووپ و نەتەوە و ئایین و هۆزێك کە لەلایەن بەرامبەرەکەیەوە غەدری لێ دەکرێت، تەنانەت چەترێکە بۆ گێڕانەوەی ئیعتوبار بۆ ئەو تاکەی لە کاتی جێبەجێکردنی یاساشدا ئیهانەی کەرامەتی دەکرێت. بۆیە ماناو مەغزای بارەگای بارزانی سنووری پرۆسەی سیاسەت تێدەپەڕێنێت و هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە و ئامانجی دابینکردنی سەقامگیری سیاسی و ئاشتیی کۆمەڵایەتییە.

بۆ ئێستای کوردستان کە لەلایەك پرۆسەی سیاسی جۆرێك لە ئاڵۆزی پێوە دیارە، لەسەر ئاستی ئاشتیی کۆمەڵایەتی هەوڵێك بۆ پاشاگەردانی و تێکدانی ئەو ئاشتییە بە ڕاشکاوی بوونی هەیە، لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی حکومەت جیا لەوەی گەندەڵییەکی بەرچاو هەیە، لە هەمان کاتدا دیاردەی خزم خزمێنە و خۆرەپێشکردن بوونی هەیە، لەسەر ئاستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان کەموکورتیی بەرچاو هەیە، ئەوا بڕیاری دووبارە دامەزراندنەوەی بارەگای بارزانی لەلایەن بەڕێز «مسعود بارزانی»یەوە، پێش ئەوەی بە بڕیارێکی خەمخۆرانە و بوێرانە وەسفی بکەین، دەکرێت بە ویژدانێکی زیندووی عارفانەی دابنێین کە لە «شیخ عەبدولسەلامی بارزانی»یەوە سەرچاوە دەگرێت و لەسەر دەستی «مستەفا بارزانی» ناسنامەی کوردستانیبوونی بە بەردا دەکرێت. ئەم ویژدانە زیندووە عارفانەیە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت هێزی مەعنەویی «بارەگای بارزانی» بخرێتە خزمەت کۆی بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستانەوە، ئەم هێزە مەعنەوییە دەبێتە پاڵپشت بۆ هەموو ئەو نەتەوە و ئایین و حزب و گرووپ و تاکانەی غەدریان لێدەکرێت و ئەو غەدرەی لەسەر لادەبات کە لەبەر هەر هۆیەك بەرامبەری کراوە.

بۆ ئێستای کوردستان چارەسەری هەموو کێشەکانی بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردستان بە کێشەی نێوان حزبە سیاسییەکانیشەوە، پێویستی بەو ئیرادە خێرەیە کە لە ویژدانی زیندووی «مسعود بارزانی»یەوە بە بڕیاردان بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی بارەگای بارزانی لە کوردستاندا دروست دەبێتەوە.



**د.عەبدوڵا مەلاوەیسی**

سەرۆكی هەڵبژێردراوی یەكێتیی زانایانی ئیسلامیی كوردستان بۆ گوڵان:

# ئەركی داهاتووی یەكێتیی زانایان ڕووبەڕووبوونەوەی هزری توندوتیژی و بەرزكردنەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی دەبێت

**لە ڕۆژی ٢٤-٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١٨، یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان لە هەولێری پایتەخت شەشەمین کۆنگرەی خۆی لە ژێر دروشمی (زانست، پیشەییبوون، نیشتماندۆستی) گرێدا، سیمای جوانی ئەم کۆنگرەیە ئەوە بوو کە تێکڕای مامۆستایانی ئایینی لە باشووری کوردستان بەشدارییان تێداکردبوو، بە کۆمەڵێك بڕیار و ڕاسپاردەی گرنگیشەوە بە سەرکەتوویی کۆنگرەکەیان کۆتایی پێهێنا. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم کۆنگرە سەرکەوتووە، د.عەبدولڵا مەلاوەیسی سەرۆکی هەڵبژێراوی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.**

یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان لە قۆناخێکی مێژوویی و هەستیاری شۆڕشی ئەیلولدا دروست بووە، ئەو کات سەرکردایەتیی شۆڕش بیری لەوە کردبووەوە کە دەزگایەك، یان دامەزراوەیەکی ئایینی ئیسلامی بۆ سەرپەرشتی کاروباری ئایینی لە ناوچە ئازادکراوەکان پێویستە، هەر بۆیە لەسەر بیرۆکەی مەلا مستەفا بارزانی و بە جێبەجێکردنی لەلایەن ژمارەیەك مامۆستا و زانای ئایینی ئیسلامی توانرا چوارچێوەیەك بۆ یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلام دروست بکەن و توانییان لە ٢١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٠ یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان ببەستن.

لە ماوەی ئەم ٤٨ ساڵەی تەمەنی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستاندا، ئەم یەکێتییە توانیویەتی لەسەر ئاستەکانی پیشەیی و ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانی ڕۆڵی شایستەی خۆی بگێڕێت و لە قۆناخە جیاجیاکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانیشدا، مامۆستایانی ئایینی بەشێکی دانەبڕاو بوون لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و ڕۆڵی پێشەنگ و بەرچاویان هەبووە، هەر ئەمەش وایکردبوو کە مەلا مستەفا بازانی وەك ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان ڕێزێکی گەورە لە زانایانی ئایینی ئیسلام بگرێت و بایەخیان پێبدات، ئەمڕۆش ڕێزدار سەرۆك مسعود بارزانی بە هەمان شێوەی مستەفا بارزانی ڕێز لە شکۆی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا دەگرێت.

یەکێتی زانایان لە ساڵی ٢٠١٠ کۆنگرەی پێنجەمی خۆی گرێدا، لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا توانی ڕۆڵێکی کاریگەر لە بواری بڵاوکردنەوەی فیکری میانڕەوی ئایینی و تەبایی و خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمان بگێڕێت و پاشانیش کە شەڕی سەپێندراوی داعش دژ بە کوردستان دەستی پێکرد، مامۆستایانی ئایینی پێشمەرگانە توانییان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هزری توندڕۆیی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، بۆیە بە پێویست زانرا دوای ئەوەی شەڕی دژی داعش لە ڕووی سەربازییەوە کۆتایی هات، یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان کۆنگرەی شەشەمی خۆی ببەستێت، بۆ ئەوەی خۆی نوێ بکاتەوە و ئامادەباشی بۆ ئەرکەکانی داهاتووی بکات.

لەم چوارچێوەیەدا و لەژێر دروشمی (زانست، پیشەییبوون، نیشتماندۆستی) کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی زانایانی ئیسلامی کوردستان لە ڕۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ڕابردوو لە هەولێری پایتەخت گرێ دراو، سیمای جوانی ئەم کۆنگرەیەش ئەوە بوو کە تێکڕای مامۆستایانی کوردستانی باشوور بەشدارییان تێداکردبوو، تێکڕا بە دەستەجەمعی موناقەشە و گفتوگۆیەکی تێروتەسەلیان لەسەر ئالیەتی بڵاوبوونەوەی هزری توندڕەوی کرد، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، ئەم کۆنگرەیە یەکەمین کۆنگرە بوو لە دوای تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش لە ڕووی سەربازییەوە. بۆیە زۆر پێویست بوو کە زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان لە بواری فیکرییەوە، بەرنامەیەکی چڕوپڕ بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی هزری توندوتیژی دابنێن، دیارە لە ماوەی چوار ساڵی شەڕی دژی داعش مامۆستایان هەر یەکەیان لە

**کاتێک کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی دا و بە بەڵی دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، بینیمان چۆن دوژمنانی کورد، رق و بوغز و کینەی خۆیان بەسەر کوردستاندا هەڵڕشت و هێرشیان کردە سەر کوردستان، بۆ ئەمەش کۆنگرە بە بایەخەوە جەختی لەسەر نیشتماندۆستی و بەرزکردنەوەی هەست و ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانی کردەوە**

**ژینگەی کوردستان یەکێکە لە کۆمەڵگە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهانی ئیسلامی لە بواری لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان، بۆیە زۆر گرنگە ئەم واقیعی لێبوردەیی و پێکەوەژیانە بگوازینەوە بۆ وڵاتانی دیکەی ئیسلامی بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان ئەم واقیعە ببینن کە کورد بایەخێکی تەواو بە پێکەوەژیان دەدات**

**چۆن کوردستان بە درێژایی مێژوو مەڵبەندی بیری میانڕۆیی بووە و شەڕی دژی توندڕۆیی کردووە و، ڕێگەی بە هیچ کەس و لایەنێک نەداوە بیری توندڕۆیی بڵاوبکاتەوە، ئەوا ئەمڕۆش دەبێت ئەم سیما جوانەی کوردستان بەردەوام بێت**

**کە شەڕی سەپێندراوی داعش دژ بە کوردستان دەستی پێکرد، مامۆستایانی ئایینی پێشمەرگانە توانییان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی توندڕۆیی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن**

**لە ماوەی ئەم ٤٨ ساڵەی تەمەنی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستاندا، ئەم یەکێتییە توانیویەتی لەسەر ئاستەکانی پیشەیی و ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانی ڕۆڵی شایستەی خۆی بگێڕێت**

مینبەری مزگەوتەکەی خۆیەوە و لە ژێر سەرپەرشتی یەکێتی زانایان وەك پێشمەرگە لە بواری فیکری و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی هزری توندڕەوی ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ گەیاندبوو، هەر بۆیە لە کۆنگرەشدا زۆر بایەخ بەم خاڵە دەدرا و جەختی لەسەر دەکرایەوە. باس لەوە دەکرا چۆن کوردستان بە درێژایی مێژوو مەڵبەندی بیری میانڕۆیی بووە و شەڕی دژی توندڕۆیی کردووە و، ڕێگەی بە هیچ کەس و لایەنێك نەداوە بیری توندڕۆیی بڵاوبکاتەوە، ئەوا ئەمڕۆش دەبێت ئەم سیما جوانەی کوردستان بەردەوام بێت و، دەبێت زانایانی ئایینی ئیسلامی بۆ قەڵاچۆکردن و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی بیری توندڕۆیی، بە تەواوی پشتیوانیی تەواوی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشی کوردستان بن، هەروەها دیسان جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە دەبێت مامۆستایانی ئایینی چۆن بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی کاریگەریان لە دژایەتیکردنی توندڕۆیی هەبووە، دەبیت بۆ ئایندەش هەمان ڕۆڵیان هەبێت. هەر بۆیە لە کۆنگرە بایەخێکی زۆر درا بە چەکدارکردنی مامۆستایانی ئایینی بە زانست و زانیاریی تازە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە چەکی دەستی مامۆستا بۆ شەڕی فیکری لە دژی توندڕۆیی ئەو زانست و زانیارییەیە کە لەبەر دەستیەتی، ئەمە وێڕای ئەوەی جەختمان کردووە لەسەر باشترکردنی ژیان و گوزەرانی مامۆستایانی ئایینی.

هەر لەچوارچێوەی بەرنامەی کۆنگرەدا، جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە پێویستە یەکێتیی زانایانی ئیسلامی لە کوردستان پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ دامودەزگا ئایینییەکانی جیهانی ئیسلامیدا هەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەی هەماهەنگی لە نێوان هەردوولا هەبێت و سوود لە ئەزموونی یەکتری وەربگرن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ژینگەی کوردستان یەکێکە لە کۆمەڵگە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهانی ئیسلامی لە بواری لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان، بۆیە زۆر گرنگە ئەم واقیعی لێبوردەیی و پێکەوەژیانە بگوازینەوە بۆ وڵاتانی دیکەی ئیسلامی بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان ئەم واقیعە ببینن کە کورد بایەخێکی تەواو بە پێکەوەژیان دەدات.

هەر لەم بوارەدا و سەبارەت بە هەماهەنگیی زیاتری نێوان مامۆستایانی ئایینی کوردستان و جیهانی ئیسلامی، جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، دەبێت مامۆستایانی ئایینی کوردستان لە بوارەکانی زانستی نوێ و تەکنەلۆژیای نوێ، خوێندنەوەی نوێ بۆ دەقەکان، لە کاروانی مامۆستایانی ئایینی جیهانی ئیسلامی دانەبڕێن، لەمەش زیاتر دەبێت هانی مامۆستایانی ئایینی کوردیش بدەین کە ئەوانیش خوێندنەوەی نوێی خۆیان بۆ پێشهاتەکان هەبێت، نەك دەقاودەق ئەو بۆچوونانە کۆپی بکەن کە لە جیهانی ئیسلامییەوە دێنە بەرهەم، بۆیە گرنگە ئەو خوێندنەوە نوێیانەی لە جیهانی ئیسلامییەوە دەکرێت، مامۆستایانی کوردستان شیکردنەوەی بۆ بکەن و بزانن ئایا ئەو خوێندنەوە نوێیە لەگەڵ واقیعی کوردستان دەگونجێت، یان نە؟ یان ئایا لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردستان دەگونجێت، یان نا؟ خۆ ناکرێت خوێندنەوەیەك لە وڵاتێکی عەرەبی، یان هەر وڵاتێکی دیکەی ئیسلامی کرابێت، ئێمە بێین ١٠٠٪ کۆپی بکەین و بەسەر کۆمەڵگەی خۆماندا فەرزی بکەین. یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان هەرگیز لەگەڵ ئەو کۆپیکردنە نەبووە، بۆیە دەبێت هەوڵبدەین ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی کوردستان بپارێزین، بۆیە ئەندامانی کۆنگرە زۆر جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بایەخ بە زانست و تەکنەلۆژیا و خوێندنەوەی نوێ بدرێت، بۆ ئەوەی مامۆستایانی ئایینی کوردیش بەجێنەمێنن.

خاڵێکی زۆر گرنگ کە لە کۆنگرە زۆر جەختی لەسەر دەکرایەوە، نیشتماندۆستی بوو، هۆکاری جەختکردنەوە لەسەر ئەم خاڵە ئەوە بوو، کە هەر چەند مانگێك پێش ئێستا کاتێك کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی دا و بە بەڵێ دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، بینیمان چۆن دوژمنانی کورد، رق و بوغز و کینەی خۆیان بەسەر کوردستاندا هەڵڕشت و هێرشیان کردە سەر کوردستان، بۆ ئەمەش کۆنگرە بە بایەخەوە جەختی لەسەر نیشتماندۆستی و بەرزکردنەوەی هەست و ئینتمای نەتەوەیی



و نیشتمانی کردەوە، بەتایبەتیش بایەخدان بە هەستی نەتەوەیی لە مزگەوت و زانکۆ و پەیمانگا و لای هەر تاکێکی کوردستان، هەروەها کۆنگرە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گرنگە پێداچوونەوە بە خوێندن بەگشتی و خوێندی ئیسلامی بەتایبەتی بکرێتەوە و هەوڵبدرێت ئەو پرۆگرامەی بۆ دژایەتیکردنی هزری توندڕۆیی دادەڕێژدرێت، هەستی نەتەوەییش بەرز بکاتەوە، بۆیە داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، دەرفەتی زیاتر بۆ مامۆستایانی ئاینی بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لە زانکۆ و پەیمانگاکانیش پەیامەکەی خۆیان بگەیەنن، راستە زانکۆ و پەیمانگا شوێنێکە بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە و پێگەیاندنی لاوەکانی ئێمە لەو بوارەی کە توانای قوتابی مەبەستیەتی، بەڵام لە هەمانکاتدا لە بواری فیکریش، ئەوا مامۆستایانی ئایینی دەتوانن رۆڵی خۆیان ببینین لە بواری بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی.

لە دوماهیدا ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بوو، ئەوە بوو ئەندامی کۆنگرەی شەشەم زۆر بە حەماس و هەماهەنگی و تەباییەوە، توانییان ئەم بۆچوونانە ئاڵۆگۆڕ بکەن و پلانی داهاتووی یەکێتیی زانایانی ئیسلامی کوردستانی لێ ئامادە بکەن، کە ئێمە پێمانوایە قۆناخی داهاتوومان زۆر هەستیارە، وێڕای ئەوەی دەبێت ئەرکە پیشەییەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین، لە هەمانکاتدا دەبێت لە رێگرتن لە هزری توندڕۆیی و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیش رۆڵێکی کاریگەرمان هەبێت.

**ئەم کۆنگرەیە یەکەمین کۆنگرە بوو لە دوای تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش لە رووی سەربازییەوە. بۆیە زۆر پێویست بوو کە زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان لە بواری فیکرییەوە، بەرنامەیەکی چڕوپڕ بۆ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی هزری توندوتیژی دابنێن**

# بەرەو خوێندنەوەیەکی تازە بۆ تیرۆر

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٢ لیژنەیەکی تایبەتی بۆ بابەتی تیرۆر پێکهێنا بە مەبەستی دیراسەتکردنی هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە، لە ئەنجامدا لیژنەکە لە راپۆرتەکەی خۆیدا ئاماژەی بەوەکرد کەوا هۆکارە سەرەکییەکان بریتین لە (برسیەتی، هەژاری، بێکاری، هەستکردن بە نامۆیی، پەراوێزخستن، سیاسەتەکانی کۆلۆنیالیزم بەسەر گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین، نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری، رێزنەگرتن لەبنەما دیموکراسییەکان و مافەکانی مرۆڤ، رێزنەگرتن لە مافی چارەی خۆنووسین ...).

دوای نزیکەی (٥٠) ساڵ لەم راپۆرتە خوێندنەوەی پانۆرامای رووداوەکان پەیوەست بە تیرۆر ئاماژە بەوە دەکەن کەوا خوێندنەوەی تیرۆر مەسەلەیەکی رێژەییەو «مطلق» نییەو راوبۆچوونی جیاجیا لەم مەسەلەیە هەیە، سەرەتا لە پێناسەی تیرۆر و هۆکارەکان و ئامرازەکان دواتر لە ئەنجامەکانی کردەوە تیرۆریستییەکان.

هەڵبەتە رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە بە کۆمەڵێ میکانیزم دەکرێت: کاری هەواڵگری، ژینگەی لەخۆگرتن، لایەنە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان فاکتەری تازە پەیوەست بە دەمارگیریی ئایینی و نەتەوەیی مەزهەبی.

شەپۆلەکانی تیرۆر بەشێکیان تیرۆری نەتەوەیی بوون، بەشێکی تریان تیرۆری چەپڕەوی، یاخود بە توندوتیژیی شۆڕشگێڕی باس دەکرا، کە لە جیهانی ئەمڕۆدا پەیوەستە بە لایەنی ئایینی بەتایبەتی لە دوای رووداوەکانی (١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە بە بۆچوونی ئەم وڵاتە جیهان کرایە دوو بەرە: بەرەی دژە تیرۆر، و بەرەی تیرۆر. هەر لەو کاتەوە رووبەڕووبوونەوەی سەربازی دەستی پێکرد لە زۆر لە وڵاتان (باکووری ئەفریقیا، ئەفغانستان، عێراق، میسر، ئیندۆنیزیا، نایجیریا، وڵاتانی کەنداو، سووریا، یەمەن و...هتد. لە ئەوروپا لە ئەنجامی کردەوە تیرۆریستییەکان ئەو وڵاتانە لە سیاسەتی شەفافییەت بەرەو هەستی تەسکی ئەمنی چوون و پەنایان بۆ زۆر لە میکانیزمەکانی پەیوەست بە رێگرتن و رووبەڕووبوونەوە برد.

ماوەیەکی زۆرە توێژینەوە و کۆنفرانس و بڵاوکراوەی زۆر دەربارەی تیرۆر ئەنجام دەدرێ، لەهەمان کاتدا هەماهەنگی نێودەوڵەتی، هەرێمی، نێوخۆیی لەم بوارەوە ئەنجام دەدرێت. بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە، ئەوەیە کە ئایا لە دەرەنجامدا

**لە ئەوروپا لە ئەنجامی کردەوە تیرۆریستییەکان ئەو وڵاتانە لە سیاسەتی شەفافییەت بەرەو هەستی تەسکی ئەمنی چوون و پەنایان بۆ زۆر لە میکانیزمەکانی پەیوەست بە رێگرتن و رووبەڕووبوونەوە برد**



**د.نەژدەت ئاكرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

توانرا سنوورێك بۆ ئەم دیاردەیە دابندرێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین: لە ئەدەبیاتی سیاسی و ئەمنی و كۆمەڵایەتی و ئابووری ئاماژە بەوە دەكرێت كەوا تەنیا توانرا سنووری ئەم دیاردەیە تەسك بكرێتەوە، چونكە هۆكارەكانی هێشتا بەردەوامن.

بە رای ئیمە هۆكاری سەرەكیی ئەم دیاردەیە لە جیهانی ئەمڕۆدا نەبوونی سیاسەتێكی واقعی و روون لە بارەی ئاشتبوونەوەی نێو كۆمەڵگە و پەنانەبردن بۆ ئامرازە دیموكراسییەكان لە سیاسەتی گشتی، بەرپرسیارییەتێكی بەسەردا هەیە، جگە لە هی هەرێمیش.

راستە لە هەندێ شوێن توانرا دیالۆگ و ئاشتبوونەوە بكرێت و بەشێك لەم گرووپانە چوونە نێو پرۆسەی سیاسی و دیموكراسی، بەڵام لە زۆر شوێنەكانی تریش لە جیهان سیاسەتی رووبەڕووبوونەوەی سەربازی و یاساكانی پەیوەست بە دژەتیرۆر تەنیا جەختیان كرد لەسەر لایەنەكانی سزای توند بە سەر ئەوانەی تێوەگلاون لە تیرۆر، لە زۆرینەی وڵاتانی جیهانی ئەمڕۆش یاسا هەیە بۆ ئەم بابەتە، بەڵام زۆرینەیان یاسای رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژن لە سزادان.

بە رای ئێمە تیرۆر پەیوەستە بە لایەنی ململانێ لەسەر سامان و دەسەڵات، بۆیە دەبێت هەردوو لایەن حكومەتەكان و رێكخراوەكانی تۆمەتبار بە تیرۆر بەتایبەت بۆ دیالۆگ و هەرلایەك لایەنەكەی تر بە شێوەیەكی واقعی و بەرپرسانە دراسەت بكەن و لە ئەنجامدا دەبێت بگەن بە رێككەوتن لەسەر بنەمای رێزگرتن لە داوای یەكتر.

نابێت بەو شێوەیە خوێندنەوە بكریت كەوا تیرۆریستان سیاسەتی خۆیان نییە، نەخێر رێكخستنی خۆیان هەیە، سەرمایەی خۆیان هەیە، سەرچاوەی خۆیان هەیە، ژینگەی لەخۆگرتنی خۆیان هەیە، توانایان هەیە لە رووبەڕووبوونەوە تاكو دەبنە قوربانیی مردن، شانەی خەوتوویان هەیە و لە كاتی پێویستدا بە ئەركی خۆیان هەڵدەستن، بۆیە قەڵاچۆكردنیان لە رەگ و ریشەوە وەهمێكی گەورەیە.

تیرۆریستان توانایان لە كۆبوونەوەی بچووك بەرەو كردەوەی هەژێنەر بەرەو راگەیاندنی خۆیان وەك: كیاناتی سیاسی و دەوڵەتی. ئەمە دەبێت جارێكی دی خوێندنەوەی بۆ بكرێت.

ئەوە هەڵەیە كە تەنیا بە كۆكردنەوەی زانیاریی هەواڵگری و ئەمنی و لە دواییدا بە لێدانی سەربازی قەناعەت بەوە بكرێت ئیدی دیاردەی تیرۆر نەماوە. ئەوەش هەڵەیە ئەگەر

**تیرۆر پەیوەستە بە لایەنی ململانێ لەسەر سامان و دەسەڵات، بۆیە دەبێت هەردوو لایەن حكومەتەكان و رێكخراوەكانی تۆمەتبار بە تیرۆر بەتایبەت بۆ دیالۆگ و هەرلایەك لایەنەكەی تر بە شێوەیەكی واقعی و بەرپرسانە دیراسەت بكەن و لە ئەنجامدا دەبێت بگەن بە رێككەوتن لەسەر بنەمای رێزگرتن لە داوای یەكتر**

تەنیا ئیسلامییەکانی جیهادی ناسناوی تیرۆریان پێ بدرێت، لەوانەیە ئەمانە بەشێك بن، بەڵام لە بەرامبەردا تیرۆری دەوڵەتی هەیە، تیرۆری هێزە زاڵەکان بەسەر سەروەت و سامان و سیاسەتەکانی دەوڵەت هەیە.

بەڕای ئێمە تەنیا بە ئەمریکاو وڵاتانی دۆستی ناتوانرێت تیرۆر بنبڕ بکرێت و، دەبێت گەلانی ئەو شوێنانەی دیاردەی تیرۆری لێیە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و ڕێز لە سایکۆلۆژیەتیان بگیرێت، هەروەها دابونەریت و خۆشگوزەرانیی ژیانیان لەبەرچاو بگیرێت.

جیهانی ئەمڕۆ لە بەرامبەر بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقی گەورەدایە لە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، یاساکانی پەیوەست بە کاری هەواڵگری و ئەمنی، ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی.

ئەگەر بێینە سەر هەرێمی کوردستان و بەراوردکردنی لەگەڵ زۆر لە کیاناتی سیاسی و دەستووری وڵاتان، دەتوانین بڵێین: هەر لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە تاکو ئێستا تووشی تیرۆر بووە بە هەموو جۆرەکانییەوە: (کوشتن، تەقینەوە، پەلاماردان و...). خوێندنەوەی توندوتیژی لە هەرێم ئاماژە بە ژمارەیەکی زۆر بەرچاو دەکرێت، بەڵام ئەوەی لە هەرێم بەرچاو دەکەوێت سیاسەتێکی گشتگیری هەمەلایەن بۆ ئەم دیاردەیە ئەنجامدرا: کاری هەواڵگری و ئەمنی، هاوکاریی نێودەوڵەتی و هەرێمی، هاوکاریی نێوخۆیی و نەبوونی ژینگەی لەخۆگرتن، گەشەپێدانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، تەنانەت پەنابردن بۆ دیالۆگ و ئاشتبوونەوە و زۆر لەوانەی کە باوەڕیان بەکاری توندوتیژی هەبوو هاتنە نێو پرۆسەی سیاسی لە حکومەت و پەرلەمان و جۆرێك چالاکی ڕاگەیاندن و ڕێکخستنیان هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوە لەبیرنەکەین کەوا شانەی نووستوو هەر هەبوون و بەردەوام بوون، جۆراوجۆریی سنووری هەرێمی کوردستان هاندەر بوو بۆ ئەم کردەوە توندوتیژانە.

لە هەرێمی کوردستان سەدەها توێژینەوە و کۆنفرانس ئەنجامدرا و یاسای پەیوەست بە دیاردەی تیرۆر هەیە، بەڵام جۆرە پەرتەوازەییەك هەیە لەکاری هەماهەنگی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، تەنانەت کەمیی پسپۆڕ و شارەزای دیراسەتکردن بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لە ئەکادیمییەکان و ڕووبەڕووبوونەوە تەنیا بە لایەنی ئەمنی و سەربازی بەستراوەتەوە، لەئەنجامدا شیکردنەوە نییە لەلایەنی ئەکادیمیەوە، بۆیە پێویستە سیاسەتێکی تازە لە پێداچوونەوە ئەنجام بدرێت.

ئەگەر باس لە عێراقیش بکەین بێ شك دەتوانین بڵێین لە دوای ٢٠٠٣ جەنگی تیرۆر لەعێراق دەستی پێکرد و تاماوەیەکی دوور کۆتایی نایەت، چونکە هۆکارەکان بەردەوامبوونیان هەیە، و سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە بە جۆرێك شکستیان هێناوە، کەچی لە هەرێمی کوردستان جۆرە سەرکەوتنێکی ڕێژەیی بەدی دەکرێت.

لە ئەنجامدا دەڵێین: تیرۆر لە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی پێگەی تایبەتی خۆی هەیە لە بواری: (توێژینەوە، لایەنی هەواڵگری و ئەمنی، ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و...هتد)، دەبێت هەنگاوەکان لە ئاستی بەرپرسیاریەتی ئاسایشی نەتەوەیی بن، بەتایبەتی لە بواری دیالۆگ و دەستهەڵگرتن لەکاری توندوتیژی و چەکهەڵگرتن و ئاشتبوونەوەی سیاسی لەسەر بنەمای دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ.

دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کەوا پەیوەندییەکی قووڵ هەیە لەنێوان تیرۆر و دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگەکان، گەندەڵی وادەکات ژینگەیەکی باش هەبێت بۆ تیرۆر، تەنانەت خوێندنەوەی تازە ئاماژە بەوە دەکات کەوا گەندەڵکاران بە کاری تیرۆرستی یەکتر (تصفیە) دەکەن.

هەروەها بازرگانەکانی ماددە هۆشبەرەکان، بازرگانەکانی خۆراك و داو و دەرمان، بەشێك لە بەڵێندەران و وەبەرهێنەران و بەشێك لە بازرگانە سیاسییەکان، تاوانی ڕێکخراو (الجریمة المنظمة)، تاوانی غسیل الاموال، بازرگانیکردن بە مرۆڤ، کە زۆر لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان تێوەگلاون و بە سەرچاوەی دارایی گرنگ بۆیان هەژمار دەکرێت لە زۆر لەو شوێنانەی کە دیاردەی تیرۆر تێیدا بەربڵاوە، تەنانەت هەندێ ڕێکخراو بەکارکردن لەگەڵ کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانی سامانە سرووشتییەکان تێوەگلاون. بۆیە ئەم دیاردانە هەموویان پێویستیان بە خوێندنەوەیەکی تازەیە بۆ تیرۆر لەسەر بنەمای ئەکادیمی و عەقڵانی و واقعییانە.

**تەنیا بە ئەمریکاو وڵاتانی دۆستی ناتوانرێت تیرۆر بنبڕ بکرێت و، دەبێت گەلانی ئەو شوێنانەی دیاردەی تیرۆریان لێیە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و ڕێز لە سایکۆلۆژیەتیان بگیرێت، هەروەها دابونەریتی و خۆشگوزەرانی ژیانیان لەبەرچاو بگیرێت**

**لە هەرێمی کوردستان سەدەها توێژینەوە و کۆنفرانس ئەنجامدرا و یاسای پەیوەست بە دیاردەی تیرۆر هەیە، بەڵام جۆرە پەرتەوازەییەک هەیە لەکاری هەماهەنگی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، تەنانەت کەمیی پسپۆڕ و شارەزای دراسەتکردن بەدی دەکرێت**

**پەیوەندییەکی قووڵ هەیە لە نێوان تیرۆر و دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگەکان، گەندەڵی وادەکات ژینگەیەکی باش هەبێت بۆ تیرۆر، تەنانەت خوێندنەوەی تازە ئاماژە بەوە دەکات کەوا گەندەڵکاران بە کاری تیرۆرستی یەکتر (تصفیە) دەکەن.**



موحسین سەعدون گەرگەری

سەرۆکی پێشووی لێژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# لەو باوەڕەدا نیم حکومەتی عێراق بتوانێت داواکاریی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکات

**پرسی خۆپیشاندانەکانی باشووری عێراق و هەڵسەنگاندنی ئەدای حکومەتی عێراق لە ئاست داواکارییەکانی ئەو خۆپیشاندەرانە و ئایندەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و بەڕێوەبردنی هاوبەشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە رووی ئەمنی و ئیدارییەوە و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەست بوونە تەوەری گفتوگۆیەکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ موحسین سەعدون گەرگەری سەرۆکی پێشووی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق، لێرەدا پوختەکەی بڵاودەکەینەوە.**

*** خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی عێراق بەردەوامی هەیە، لەبەرامبەردا حکومەت نەك تەنیا ناتوانێت داخوازییەکانی خەڵکی جێبەجێ بکات، بەڵکو توندوتیژیش بەرامبەر خۆپیشاندەرەکان بەکار دەهێنێت، ئایا لە غیابی نەبوونی ئاسۆیەکی روون بۆ دامەزراندنی حکومەت و بوونی بۆشاییەکی یاسایی خوێندنەوەتان بۆ دۆخی عێراق چییە؟**

- دوای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی پارێزگاکانی باشوور، وەك بەسرە و کەربەلا و نەجەف و میسان، ئەو راستییە زیاتر ئاشکرا بوو کە حکومەتی عێراق دوای چەندین ساڵ لە حوکمڕانی نەیتوانی خزمەتگوزارییەکانی بۆ ئەو خەڵکە دەستەبەر بکات، وەك ئاو و کارەبا و هەلی کار، ئێستاش کە ئەو خەڵکە خۆپیشاندان دەکات و ناڕەزایەتی دەردەبڕێت، ئەوا داوای مافی خۆی دەکات و خوازیاری ئەوەن گۆڕانکاری لە سیستمی سیاسیی عێراقدا رووبدات و بێتەئاراوە. ئێستاش ئەوەتا دەبینین خۆپیشاندانەکان بەردەوامن و ئەوەندەی من بەدی دەکەم حکومەتی عێراقیش ناتوانێت داواکارییەکانی ئەوان جێبەجێ بکات و ئەوانیش پێداگیری لەسەر مافەکانی خۆیان دەکەن. لەبەر ئەوە پێموایە ئەو حکومەتەی کە بڕیارە پێکبهێندرێت، پێویستە حکومەتێکی دادپەروەر بێت، نەك حکومەتێکی تایفەگەری بێت کە تێیدا حزبە تایفەگەرەکان بەسەریدا زاڵ بن، چونکە باوەڕم وایە بەو شێوەیە دەتوانرێت جارێکی دیکە ئارامی و سەقامگیری بۆ عێراق بگەڕێندرێتەوە.

*** باشە ئێوە کەموکوڕییەکە لە کوێدا دەبینن؟ بۆچی حکومەتی عێراق ناتوانێت خزمەتگوزاری بۆ خەڵکەکەی دابین بکات و حوکمڕانییەتیەکی کارا بەدی بهێنێت لە کاتێکدا کە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە و داهاتێکی زۆری دەست دەکەوێت؟**

- سەرەتا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە کاربەدەستانی عێراق بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەمە حکومەتێکی دیموکراتییە و لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پێکهێنراوە، واتە ئەمە بەندە بە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنەوە، بەو مانایەی ئەو حزبە سیاسییانەی کورسیی زیاتر دەهێنن، ئەوا زیاتر مافی ئەوانە کە هەوڵی پێکهێنانی حکومەت بدەن، مەبەستم ئەوەیە ئەمە سیستمەکەیە لە عێراقدا و بەم شێوەیە هەڵدەسووڕێت. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەو وەزیرانەی لە حکومەتەکەدا کاردەکەن و دەستبەکار دەبن، ئەوا وەك نوێنەری حزبە سیاسییەکانیان هەڵسوکەوت دەکەن، هەروەك حکومەتی ئیتیحادی خۆیشی ئەم بانگەشەیە دەکات، بەو شێوەیە ئەوان نەیانتوانیوە چارەسەری کێشەکانی عێراق بکەن و نەیانتوانیوە خزمەتگوزاری دابین بکەن، ئەوەتا نە نەخۆشخانەیان دروست کردووە و نە هەلی کاریان بۆ خەڵکی رەخساندووە و تەنانەت نەیانتوانیوە ئارامی و سەقامگیریش دەستەبەر بکەن. هەر بۆیە ئێستا ئەو خۆپیشاندانانەی لە شارەکانی باشوور دروست بوون، کە داوای ماف و شایستەییەکانی خۆیان دەکەن، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئەوان داوادەکەن گۆڕانکاری لە سیستمی سیاسیدا بکرێت و چیتر کار بە سیستمی موحاسەسە نەکرێت و ئەو کەسانەی دەبنە بەرپرس و وەزیر کەسانێك بن بتوانن خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی دابین بکەن.

*** بەڵام هەروەك دەزانین ئێستا خۆپیشاندەران سوورن لەسەر ئەوەی داواکارییەکانیان جێبەجێ بکرێت و گۆڕانکاری بەرچاو ببینن لە ڕەوشی خزمەتگوزاریدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا حکومەتی عێراق لە توانایدا هەیە بەپەلە ئاوڕ لەو هەموو کێشە کەڵەکەبووانە بداتەوە و دەست بداتە دادگاییکردنی بەرپرسە گەندەڵەکان؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد پێم وانییە حکومەت ئەم توانایەی هەبێت، ئەوەتا لەم ڕووەوە سەماحەتی سەید سیستانی وەك مەرجەعییەتی باڵای شیعە هاتووەتە سەر خەت و داوای لە حکومەتی عێراق کردووە لێپرسینەوە لەو کەسانە بکات کە هۆکاری بردنی سەروەت و سامانی وڵاتەکە بوون، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە سەرۆك وەزیران ناتوانێت لێپرسینەوە لە بەرپرسە سیاسییەکانی حزبەکان بکات.

*** مەسەلەیەکی دیکە هەیە کە پەیوەستە بە کێشەکانی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە، کە ئێمە دەزانین لەم ڕۆژانەی دواییدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێم کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گرنگیی ئەم سەردان و کۆبونەوەیە لە چیدا دەبینیت و چ ڕەنگدانەوەیەکی دەبێت؟**

- بە رای من سەردانەکەی کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق زۆر گرنگ بوو، چونکە ئێمە دەزانین لەم ساتەوەختەدا عەبادی و حکومەتەکەی پێویستیان بەوە هەیە پشتیوانییەکیان لێ بکرێت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە. هەروەها کاك نێچیرڤان داواکاری هەبوو لە حکومەتی عێراق بەتایبەتی جێبەجێکردنی بڕیاری کردنەوەی ڕێگای کەرکووك و هەولێر و موسڵ و هەولێر، لەگەڵ کردنەوەی ڕێگای زوممار و شنگال، چونکە خەڵکی ئێمە لەو دەڤەرانە نارەحەتی زۆریان بینیوە بەو هۆیەوە، چونکە نە ڕێی دهۆك و شنگال و نە دهۆك و زوومار هەیە و تەنانەت ڕێی هەولێر و موسڵیش کێشەی هەیە، کاریگەریی چارەسەری ئەم کێشانەش دەرئەنجامی ئیجابی لێدەکەوێتەوە، ئەوانیش بەڵێنیان بە کاك نێچیرڤان داوە کە ئەم کێشانە چارەسەر دەبن. لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم کۆبوونەوەی ئەوان لەم ساتەوەختەدا گرنگییەکی زۆری هەبوو، هەم بۆ هەرێم و هەم بۆ بەغدا.

*** بەڵام ئێمە دەزانین کە هەمیشە یەکێك لە داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی عێراق ئەوە بووە کە پابەند بێت بە دەستووری عێراقەوە، بەتایبەتی بە ماددەی ١٤٠ـەوە، چەند ئومێدی ئەوە هەیە لە ئایندەدا ئاوڕی جددی لەم پرسە بدرێتەوە؟**

- ئێمە دەزانین کە ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی دەستوورییە و پێویستە جێبەجێ بکرێت. یەکێك لەو داواکارییانەی کە شاندی هەرێمی کوردستانیش بۆ بەغدا پێداگیری لەسەر دەکات، جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە بووە.

*** دواخستنی گفتوگۆکان و چارەسەرنەکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند تا دێت دەرهاویشتەی نوێی لێدەکەوێتەوە، ئەوەتا بەهۆی پێکنەهێنانی هێزی هاوبەشی نێوان سوپا و پێشمەرگە و نەگەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان تیرۆریستەکانی داعش سەریان هەڵداوەتەوە و گوندەکانی کورد لەو ناوچانە چۆڵ دەکرێن، ئایا تاچەند گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەم ناوچانە لەم بارودۆخەدا گرنگە؟**

- من دەڵێم هێزەکانی پێشمەرگە هەر دەگەڕێنەوە بۆ دەڤەرەکانی کەرکووك و دیالە و موسڵ و زوممار و شنگال، چونکە گەڕانەوەی پێشمەرگە بەند نییە بە خواستی حەشدی شەعبی، یان لایەنێکی دیکە، بەڵکو ئەوە دەستوورە لە ماددەی ١٤٠دا دەڵێت ئەمانە دەڤەری هاوبەشن، واتە هاوبەشن لە نێوان حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێویستە لە ڕووی کارگێڕی و ئەمنییەوە بە هاوبەشی بەڕێوەی ببەن، واتە دەبێت پێشمەرگەش لەوێ بێت و لە ڕووی ئیدارییەوە ئێمە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەمان هەبێت، تا ئەو کاتەی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ دەبێت، کەواتە تا ئەو کاتەی ئەم ماددەیە جێبەجێ دەکرێت، ئەوا ئەوان ناتوانن بە شێوەیەکی یاسایی ڕێگری لە بوونی پێشمەرگە بکەن لەو ناوچانەدا، چونکە ئەمە بە خواستی ئەوان نییە، ئەمە دەستوور وا دەڵێت.

**هێزەکانی پێشمەرگە هەر دەگەڕێنەوە بۆ دەڤەرەکانی کەرکووک و دیالە و موسڵ و زوممار و شنگال، چونکە گەڕانەوەی پێشمەرگە بەند نییە بە خواستی حەشدی شەعبی، یان لایەنێکی دیکە، بەڵکو ئەوە دەستوورە لە ماددەی ١٤٠دا دەڵێت ئەمانە دەڤەری هاوبەشن**

**سەماحەتی سەید سیستانی وەک مەرجەعییەتی باڵای شیعە هاتووەتە سەر خەت و داوای لە حکومەتی عێراق کردووە لێپرسینەوە لەو کەسانە بکات کە هۆکاری بردنی سەروەت و سامانی وڵاتەکە بوون، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە سەرۆک وەزیران ناتوانێت لێپرسینەوە لە بەرپرسە سیاسییەکانی حزبەکان بکات**



**ئاراس حەسۆ میرخان**

ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# پارتی هەمیشە هەوڵیداوە دەرفەت بۆ گەنجەکان بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بێنە پێشەوە و ڕۆڵی سەرکردە بگێڕن

## خۆپیشاندانەکانی عێراق ئاشکرایکرد تا چەند کێشەو گرفتی گەورە هەیە و وڵاتەکە تا چ ئاستێک لە گەندەڵییەوە نقووم بووە

**هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان نزیك دەبێتەوە و پارتی دیموکراتی کوردستانیش کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە ئۆرگانەکانیدا دەستپێکردووە. چۆنیەتی خۆئامادەکردنی حزب و لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەو هەڵبژاردنە و پرسی کابینەی نوێی دەوڵەت و پەرلەمانی عێراق و چارەنووسی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، هەروەها کێشەی مووچە و گوزەرانی هاووڵاتیان و چەندین پرسی گرنگی هەنوکەیی، ناوەڕۆکی ئەم دیدارەی گۆڤاری گولان لەگەڵ ئاراس حەسۆ میرخان ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکدەهێنن.**

*** لەدوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە ئۆرگانەکانیدا دەستپێکردووە، ئەم گۆڕانکارییانە بۆچی؟**

- یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پارتی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە ئەنجامی دەدات، ئەگەر لەیادتان بێت، ساڵی پار پارتی لە سنووری هەولێر و دهۆك کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە ریزەکانی حزب و هەروەها ژمارەیەك گۆڕانکاریشی لە نیو دامودەزگاکاندا لەسەر ئاستی بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرەکان ئەنجامدا، بەڵام گۆڕانکاری لە ئۆرگانەکانی حزب لە سلێمانی دواخران، بۆیە لە ئەمساڵدا و لەبەر ئەوەی کۆنگرەش دواکەوتووە، بڕیاردرا کە گۆڕانکارییەکان لە سەرکردایەتی پارتی لە دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجەش ئەنجام بدرێن، بۆیە گۆڕانکارییەکانی ئەمجارەی ئەو دەڤەرەش بەشێك بوون لەو گۆڕانکارییانەی کە پێشتر لە ناو پارتی ئەنجام دراون.

*** ئەمجارە لە بەشی زۆری گۆڕانکارییەکان بایەخ بە کاراکتەری گەنج دراوە و گەنجەکان پێش خراون، ئایا مەبەست لەمە ئەوەیە پارتی خۆی نوێ دەکاتەوە؟**

- پارتی هەمیشە هەوڵیداوە دەرفەت بۆ گەنجەکان بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بێنەپێشەوە و رۆڵی سەرکردە بگێڕن، هەر ئەمەشە کە وایکردووە پارتی بەردەوام بێت و سەرکەوتووش بێت، لە کۆبوونەوەکانی ئەم دواییەی سەرکردایەتی پارتی، شەخسی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتی پارتی جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت کۆمەڵێك گەنجی لێهاتوو بهێنرێنە پێشەوە و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێندرێت، بێگومان ئەمە نەك هەر تەنیا لەناو ئۆرگانەکانی حزبدا، بەڵکو لەناو لەشکریشدا ئەم پرۆسەیە بەردەوامە و کۆمەڵێك گەنجی لێهاتوو لەسەر ئاستی بەرپرسی سوپا و بەرپرسی فەرماندەییەکان و فەرماندەی لیواکان خراونەتە پێشەوە، ئەگەر سەیری کاندیدەکانی پارتیش بکەن بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، دیسان لەناو ئەوانیشدا دەرفەتێکی زۆر دراوە بەگەنجەکان، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم پرۆسەیە هەموو ئەو بوارانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە پارتییەوە هەیە، نەك تەنیا ئۆرگانەکانی حزب، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەڕێز سەرۆك بارزانی زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت قۆناخی داهاتوو، قۆناخی دەرفەت رەخساندن بێت بۆ گەنجەکان.

*** لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان نزیك دەبینەوە، لەم هەنگاوانەی پارتی ئەوە دەخوێندرێتەوە، کە پارتی ئەمجارە بەنیازە بە ئاستێك ئەم هەڵبژاردنە بەرێتەوە کە بە تەنیا حوکمڕانی کوردستان بکات، ئایا ئەمە راستە؟**

- بێگومان مەزندەی خۆمان ئەوەیە کە پارتی ئەمجارەش لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا دەنگی یەکەم بێت و زۆرترین کورسییەکانی پەرلەمان بباتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە پارتی بەنیازی ئەوەیە بەتەنیا حوکمڕانی کوردستان بکات، یان بە تەنیا حکومەتی داهاتوو پێکبهێنێت، ئێستا لەسەر مامەڵەکردن لەسەر دۆسێی بەغدا و بەشداریی لایەنی کوردستانی لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا، لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان خەریکین هاوپەیمانییەکی تازە دروست دەکەین، ئەگەر ئەم هاوپەیمانییە پشت بەخوا بەسەرکەوتوویی دروست بێت، ئەوا دەبێتە سەرەتایەك هەتا لەسەر ئاستی سیاسەتی

**نەک هەر حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچە وەک مەرجەع سەیری سەرۆک بارزانی دەکەن، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە هاتنە کوردستان یەکەم شوێن کە دەبێت سەردانی بکەن، بارەگای بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە**

**ئەو لایەنانەی کێشەیان لەسەر سەرۆکایەتی هەرێم دروست دەکرد، پێمان دەگوتن، براینە پۆستی سەرۆکی هەرێم لای بارزانی تەنیا بۆ ئەوەیە بە رێگەی ئەو پۆستە خزمەتی گەلەکەی بکات و داکۆکی لە مافەکانی بکات، ئەگەرنا بارزانی پێویستی بەوە نییە بە رێگەی پۆستی سەرۆکی هەرێم رۆڵێک بگێڕێت**

ناوخۆیی کوردستانیش هەنگاوێك هەڵبگرین، بەڵام دەبێت راشکاو بین کە پرسی کوردستان لەگەڵ پرسی بەغدا دوو پرسی جیاوازن، ئێمە و یەکێتی کە دەچینە بەغدا پێکەوە داوای مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەین، بەڵام لە کوردستان هەموو لایەنە سیاسییەکان ململانێی حزبیی خۆیان لەسەر کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، بۆیە لەو میانەدا بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە براوەکانی ناو هەڵبژاردنەکە دەکرێت.

*** باست لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانییەك لە نێوان پارتی و یەکێتی کرد، بۆ ئەوەی بەشداری لە حکومەتی داهاتووی عێراق بکەن، بەڵام بارودۆخی ئێستای عێراق بە ئاستێك ئاڵۆز بووە کە نازانرێت ئاراستەکەی بەرەو کوێ دەچێت، ئایا ئەمجارەش دەتانەوێت عێراق لەو کێشانەی تێکەوتووە رزگاری بکەن؟**

- بە جیا لەو رێککەوتنەی پارتی و یەکێتی، دەخوازم هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پارتی لەسەر ئەو کێشانەی عێراق ئاماژە پێ بکەم، هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پارتی بەرامبەر ئەم قەیرانانەی عێراق ئەوەیە کە لایەنی کوردستانی بەشێك نییە لەو کێشەو قەیرانانەی لە ئێستا لە عێراق روودەدەن و لە ئایندەشدا نابینە بەشێك لەو کێشانە، ئەمەشیان بە تەواوی ئەو شاندو لایەنانە گوتووە کە سەردانیان کردوون، لە ناویاندا عێراقییەکانیش، سەبارەت بە خۆپیشاندانەکان، بێگومان پارتی خۆپیشاندان بە مافێکی ئاسایی خەڵك دەزانێت، بەڵام نارەزایی خەڵکەکە خۆی لە خۆیدا وەڵامێکە بۆ خەڵکانێك لە کوردستان کە دەهاتن بەراوردی کوردستانیان بە عێراق دەکرد و داوایان دەکرد کوردستان دەبێت لاسایی عێراق بکاتەوە، بەڵام ئەم خۆپیشاندانانەی عێراق ئەوەی ئاشکرا کرد کە وڵاتەکە تا چەند کێشە و گرفتی گەورەی هەیە و تا چ ئاستێك لە گەندەڵییەوە نقووم بووە، لەسەر ئەم بنەمایە بەرێز بارزانی و سەرکردایەتی بە نوێنەرانی دەوڵەتانی هاوپەیمان و ئەمریکییەکان و لایەنە عێراقییەکانیشیان گوتووە، کە ئێمە چیتر دەست لە مافەکانی خۆمان هەڵناگرین لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە ئەولەوییەتی ئێمە دابینکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستانە بەپێی دەستووری عێراق.

*** ئەگەر وردتر لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکەین، ئایا لەو چوارچێوەیەدا پرسی کەرکوك چی بەسەر دێت؟**

- لەو وتووێژانەی بەم دواییە شاندی پارتی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان لە بەغدا کردوویەتی و لە سەردانی هەفتەی رابردووی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان بۆ بەغدا، دیسان جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی وتووێژەکانی داهاتوومان پرسی کەرکووکە، هەتا لەسەر پرسی کەرکوك نەگەینە رێککەوتنێکی هاوبەش بەپێی دەستووری عێراق کێشەکان چارەسەر نابن، ئەمەش واتە گەڕانەوەی پێشمەرگە و دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری بۆ خەڵکی کەرکووك، ئەگەر ئەوە نەکرێت، ئەوا پارتی ئامادە نییە لەگەڵ هیچ لایەنێك رێککەوتن ئیمزا بکات بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، سەبارەت بە شنگال و ناوچە کوردستانییە دابڕاوەکانی دیکەش بەهەمان شێوەی کەرکووك ئەولەوییەتی بەرنامەی پارتین و دەبێت لەسەر ئەو پرسانە بگەینە رێککەوتن، ئەوجا رێککەوتن لەسەر بەشداری لە حکومەتی داهاتوو دەکەین.

*** ئایا لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی لەسەر ئەم پرسە گەیشتوونەتە ئەو رێککەوتنەی کە ئەم ئەولەوییانە ئەولەوییەتی هاوبەشی هەردوولاتان بێت؟**

- ئێمە پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەم ئەولەوییەتانەمان راگەیاندووە، دوای هەڵبژاردنەکانیش لەو کۆبوونەوانەی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەنجام دراون، راشکاوانە گوتوومانە، پارتی پێیوایە لەسەر پرانسیپێك دەبێت هاوپەیمانی بکرێت، ئەو پرانسیپەش کوردستانیبوونە، ئەمە واتە ئەو لایانەی لە هاوپەیمانییەکەدا کۆدەبنەوە، ئەوا دەبێت داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان ولە کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە هەر لایەنێکی سیاسی بڕوای بە کوردستانیبوون نەبێت، نابێتە بەشێك لەو هاوپەیمانییەی کە پارتی تێدایە، ئەمەش ئاشکرایە، چونکە لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا، هێزی کوردستانی هەبووە لەناو پەرلەمانی بەغدا ئەوەندەی دژایەتی کورد و

**لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا، هێزی کوردستانی هەبووە لەناو پەرلەمانی بەغدا ئەوەندەی دژایەتی کورد و مافەکانی خەڵکی کوردستانیان کردووە، بەهیچ شێوەیەک بەرگرییان لە مافە دەستوورییەکانی کوردستان و خەڵکەکەی نەکردووە**

**لە سەردانی هەفتەی رابردووی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان بۆ بەغدا، دیسان جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی وتووێژەکانی داهاتوومان پرسی کەرکووکە، هەتا لەسەر پرسی کەرکووک نەگەینە رێککەوتنێکی هاوبەش بە پێی دەستووری عێراق کێشەکان چارەسەر نابن**

**هەڵوێستی سەرۆک بارزانی و پارتی بەرامبەر ئەم قەیرانانەی عێراق ئەوەیە کە لایەنی کوردستانی بەشێک نییە لەو کێشەو قەیرانانەی لە ئێستا لە عێراق روودەدەن و لە ئایندەشدا نابینە بەشێک لەو کێشانە، ئەمەشیان بە تەواوی ئەو شاندو لایەنانە گوتووە کە سەردانیان کردوون**

مافەکانی خەڵکی کوردستانیان کردووە، بەهیچ شێوەیەك بەرگرییان لە مافە دەستوورییەکانی کوردستان و خەڵکەکەی نەکردووە، بۆیە دەبێت ئەو سەردەمە کۆتایی بێت و ئەوەی بڕوای بە مافەکانی خەڵکی کوردستان نەبێت، نابێتە هاوپەیمانی پارتی.

*** پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی عێراق هەندێك لایەنی سیاسی کوردستانی گرەویان لەسەر مەرگی پارتی دەکرد، بەڵام وەك ئێستا دوای هەڵبژاردنەکان دەیبینین، هەموو ڕێگاکان هاتوونەتەوە لای بارزانی، ئەمە لەکاتێکدا بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمیشدا نەماوە، ئایا ئەم وەرچەرخانە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- ئەو کاتانەشی ئەو لایەنانەی کێشەیان لەسەر سەرۆکایەتی هەرێم دروست دەکرد، پێمان دەگوتن، براینە پۆستی سەرۆکی هەرێم لای بارزانی تەنیا بۆ ئەوەیە بە ڕێگەی ئەو پۆستە خزمەتی گەلەکەی بکات و داکۆکی لە مافەکانی بکات، ئەگەر نا بارزانی پێویستی بەوە نییە بە ڕێگەی پۆستی سەرۆکی هەرێم ڕۆڵێك بگێڕێت، سەرۆك بارزانی بە حوکمی مێژووی خەباتی خۆی ڕێز و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر ئاستی هەموو کوردستان و عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، بەڵام بەداخەوە هەندێك لەو لایەنانەی کوردستان وایان بیردەکردەوە ئەگەر سەرۆك بارزانی لەو پۆستە نەما، ئەوا ئیتر ڕۆڵی تەواو دەبێت، بەڵام وەك ئێستا دەیبنین نەك هەر حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچە وەك مەرجەع سەیری سەرۆك بارزانی دەکەن، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە هاتنە کوردستان یەکەم شوێن کە دەبێت سەردانی بکەن، بارەگای بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەمەشمان بە تەواوی لایەنە سیاسییەکان گوتووە، ئێستا ئەوانیش گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا ناوی مسعود بارزانی لە هەموو پۆست و پلەیەك گەورەترە. لایەنێکی دیکەی پرسیارەکەتان بەوەی بۆچی ئەو وەرچەرخانە ڕوویدا؟ بێگومان ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باوەڕە گەورەیەی خەڵکی کوردستان کە بە پارتی هەیانە و متمانەی خۆیان بە پارتی داوە، لای خەڵکی کوردستان پرسێك هەیە لە هەموو شتێکی دیکە گەورەترە، کە ئەویش پرسی خاك و نیشتمانە، ناحەزانی پارتی لەسەر ئەو بنەمایە پڕوپاگەندەیان دەکرد کە خەڵکی کوردستان بە هۆی بڕینی بودجە و مووچەوە گوزەرانیان خراپە و ئەمانەش بە هۆکاری پارتی دەزانن، بەڵام خەڵکی کوردستان وێڕای هەموو ئەمانە زۆرترین دەنگی بە پارتی دا، چونکە دەیزانی پارتی داکوکی لە پرسی خاك و نیشتمان دەکات، هەر بۆیە سوپاس بۆ خوا لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، پارتی نەك هەر لەسەر ئاستی کوردستان زۆرترین دەنگی بە دەست هێنا، بەڵکو لەسەر ئاستی حزبی سیاسیش لە عێراقدا زۆرترین دەنگی بەدەست هینا و ئومێد دەکەین لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا خەڵکی کوردستان بەهەمان ئاست و زیاتریش متمانەی خۆ بە پارتی بداتەوە.

**ئێمە و یەکێتی کە دەچینە بەغدا پێکەوە داوای مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەین، بەڵام لە کوردستان هەموو لایەنە سیاسییەکان ململانێی حزبیی خۆیان لەسەر کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن**

*** باست لە بێ مووچەی و خراپی گوزەرانی خەڵك کرد، بەڵام خۆشبەختانە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان ڕایگەیاندووە کە ڕۆژە سەختەکان تێپەڕ دەبن، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە مووچە و گوزەرانی خەڵکی کوردستان لەمەی ئێستاش بەرەو باشتر دەچێت؟**

- ئاشکرایە لەماوەی ٢٠١٤- کۆتایی ٢٠١٧، ساڵانێکی پڕ قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوتمان بینی و سوپاس بۆ خوا و بۆ خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان ئەو ساڵانەمان تێپەڕاند و، قوناخێك هاتۆتە پێشەوە کە گۆڕانکاری بۆ باشترکردنی مووچە و گوزەرانی خەڵك وەك قۆناخی یەکەم دەستی پێکراوە و لەم بوارەشدا گوزەرانی خەڵك لەچاو سێ ساڵی رابردوو گۆڕانکاری زۆر گەورەی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بەردەوامە و چاوەڕێ دەکرێت هەتا سەری ساڵی داهاتوو (٢٠١٩) نەك هەر ئەوەی پێدەڵێن کێشەی مووچە، ئەو کێشەیە نامێنێت، بەڵکو لەماوەی ئەم چەند مانگەدا کۆمەڵێك لەو پڕۆژە گەورانەی کوردستان کە پشتر کاریان تێدا ڕاگیرابوو، دووبارە دەست دەکرێتەوە بە کارکردن تیایاندا، بۆیە مەزندەکان بەو جۆرەن لە ساڵی ٢٠١٩ ئەم قەیرانانە بە تەواوەتی کۆتاییان بێت و بار و گوزەرانی خەڵك وەك ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٢ی لێدێتەوە، کە ئەو کات هیچ قەیرانێکی دارایی بوونی نەبووە.

**مەزندەی خۆمان ئەوەیە کە پارتی ئەمجارەش لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا دەنگی یەکەم بێت و زۆرترین کورسییەکانی پەرلەمان بباتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە پارتی بەنیازی ئەوویە بەتەنیا حوکمڕانی کوردستان بکات، یان بە تەنیا حکومەتی داهاتوو پێکبهێنێت**

**هەتا سەری ساڵی داهاتوو (٢٠١٩) نەک هەر ئەوەی پێدەڵێن کێشەی مووچە، ئەو کێشەیە نامێنێت، بەڵکو لەماوەی ئەم چەند مانگەدا کۆمەڵێک لەو پڕۆژە گەورانەی کوردستان کە پشتر کاریان تێدا ڕاگیرابوو، دووبارە دەست دەکرێتەوە بە کارکردن تیایاندا**

# کۆڕبەندی هزری عەرەبی گەنگەشەی هەر چوار کۆڵەگەی نەتەوە دەکات

● دەستپێك:

کۆڕبەندی هزری عەرەبی لە عەمان چەند دیالۆگێکی دوولایەنەی عەرەبی- تورکی، عەرەبی-ئێرانی، بەم دواییەش دیالۆگی عەرەبی- کوردی ڕێکخست، لەبەر ڕۆشنایی چەندین دیدوبۆچوونی سەرۆك و چاودێریی خاوەن شکۆ میر حەسەن کوڕی تەڵاڵ تایبەت بە کردنەوەی ئاسۆی هاوکاریی بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری و پێشکەوتن و پەرەپێدانی ناوچەکە و گەلانیدا، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامە ئەرێنییەکانی ئەم دیالۆگانەدا رایەك گەڵاڵە بوو، ئەویش پێویستی گرتنەبەری کۆدیدێك و زیاتر سەرتاسەریی گشتگیر بۆ بیروکەی گفتوگۆ لەسەر ئاستی ناوچەکە بە مەبەستی دۆزینەوەی شێوازێکی پەیوەندی و کاری هاوبەش بۆ گرتنەخۆی هەموو پەرەسەندن و گۆڕانکاری و لێکەوتە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان، هەروەها بەپێی بەها دیموکراسییەکان و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و هاوکوفی و ڕێزگرتنی بەرامبەر و پێکەوەژیانی هاوبەش، کە یاریدەدەر بێت بۆ سازان و لێکگەیشتن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و تێپەڕاندنی جیاوازییەکان و تەنانەت پێکناکۆکەکانی فیکری و سیاسی بەرەو پەرەپێدانی بەهاکانی هاوکاری و دیالۆگی بنیادنەر، هەروەها بنیادنانی ئایندەیەکی تازەی پێکەوەژیانی مرۆیی، هاوکات بەشداریکردن لە وەدیهێنانی ئاشتی و بڵاوکردنەوەی کولتووری ئاشتی، ئەم دۆخەش پێویستی بە پێدانی دەرفەت هەیە بۆ نوخبەکانی ڕۆشنبیری و فیکری لەلای هەر چوار نەتەوەی (کورد، عەرەب، تورك، فارس) لە نزیککردنەوەی ئەشکالە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان و بەشداریکردن لە خستنەڕووی چارەسەری زانستی کە کاریگەری و بەردەوامیان هەبێت و هەموو جۆرە ناسنامەکان لەسەر بنەمای هاووڵاتی لەخۆبگرێت.هەروەها پشتبەستن بە چەمکەکانی ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری و لێبوردەیی، ماف لە جیاوازیدا، فرەیی، پشتبەستن بە دیالۆگ لە چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان، بەهێزکردنی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان نەتەوەو گەلان لە فەزای فراوانی مرۆڤایەتیدا.


**کۆڕبەند داوای لە نوخبەی ڕۆشنبیرو خاوەن بڕیار و توێژەران لە هەر چوار نەتەوەی (کورد، عەرەب، تورك، فارس) کرد، گەنگەشەی پرسی (هاوکاری و دیالۆگ) لەنێوانیادا بکەن بۆ گەیشتن بە شێوازێکی پەسندکراو بە مەبەستی بەتینکردنی رایەڵە مرۆییەکانی نێوان ئەو نەتەوانە**

● کارنامەو بەرنامەی کۆنگرەکە

بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، کۆڕبەند داوای لە نوخبەی ڕۆشنبیرو خاوەن بڕیار و توێژەران لە هەر چوار نەتەوەی (کورد، عەرەب، تورك، فارس) کرد، گەنگەشەی پرسی (هاوکاری و دیالۆگ) لەنێوانیادا بکەن بۆ گەیشتن بە شێوازێکی پەسندکراو بە مەبەستی بەتینکردنی رایەڵە مرۆییەکانی نێوان ئەو نەتەوانە.

کۆنگرەکە لە ٢٠١٨/٧/٢٢ لە عەممان بەسترا بە سەرۆکایەتی میر حەسەن کوڕی تەلاڵ سەرۆك و چاودێری کۆڕبەندەکە و بە بەشداریی ڕۆشنبیر و ئەکادیمیست و شارەزایانی سیاسەت و چالاکانی مەدەنی لە دەوڵەتانی ناوچەکەو ئاسیاو باکووری ئەفریقیا، هەر چوار کۆڵەگەش بەوە ناسێنران کە لە عەرەب و کوردو تورك و فارس و کورد پێکهاتوون.

میر حەسەن کوڕی تەلاڵ کۆنگرەکەی کردەوە و داوای لە هەمووان کرد کە لۆژیکی عەقڵ



## پ.د. شێرزاد نەجار*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

و ئەدەبی دیالۆگ بەکاربهێنن، بەتایبەتیش کە هەر چوار پێکهاتە دیموگرافییەکان دوچاری جیاوازیی فیکری و سیاسی و رۆشنبیری بوون، هەروەها ئەو تەحەددییانەی کە کۆیان دەکاتەوە زۆرن، بەڵام نابێ بهێڵین جیاوازییەکان کۆنترۆڵی شتە هاوبەشەکانمان بکەن، ئاماژەی بەوەش کرد کە ئێمە پێویستیمان بە رووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەددییانە هەیە کە بە شێوازی جیاوازی کێشەکانمان خۆیان بەسەرماندا سەپاندووە، وەکو بەدیهێنانی ئاسایشی گشتگیر بە چەمکی بەرگرتن لە چەکی کۆکوژی وێرانکەر، چەمکی بەرهەڵستیکردنی تەحەددییەکانی ژیان لە بەدیهێنانی کەرامەتی مرۆڤ و پێداویستییە بنەڕەتییەکانیدا، رزگاربوون لە برسێتی و ترس، لە کۆتایی وتەکەشیدا دووپاتی کردەوە کە پێویستیمان بە پرۆژەیەکی هاوبەشی کولتووری و شارستانی هەیە.

لە کارنامەی تورکیدا کە چەند رۆشنبیرێکی تورك پێشکەشیان کرد و چەمکی دانپێدانانیان خستەڕوو، بەوەی کە مێژوو و ئایینی هاوبەشمان ئەوەی سەلماندووە کە مەرجەعێکە و کۆمان دەکاتەوە، لەکاتێکدا کە ئاماژەی ئەوە هەبوو کە هەندێ لە وڵاتانی جیهان بێزار بوونە بەرامبەر پەنابەران کە ژمارەیەکی دیاریکراو روویان تێدەکردن، دەبینین کە هەر یەك لە تورکیا و ئوردن و لوبنان بە سنگفراوانییەوە پێشوازییان لە ملیۆنان پەنابەر کرد.

لەم سۆنگەوە بەشداربووان جەختیان کردەوە لەسەر داهێنانی رۆشنبیری، هەروەها رۆڵی ئافرەت لە بنیادنانی ئاشتی و پێویستیی ئەوەی رێگە بدرێت لاوان رۆڵیان لە بنیادنانی ئایندەدا هەبێت.

لە کارنامەی ئێرانیشدا هەندێ رۆشنبیر لە چوارچێوەی ئەو دیدوبۆچوونانەی پەیوەست بوون بە واقیع و ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەر چوار کۆڵەگە، باسیان لە بەڵگە مێژووییەکان کرد، ئەو کاتەی شارستانییەکانی ئەندەلوس و نیشتمانی عەرەبی لەگەڵ شارستانییەتی فارسیدا هاوکار بوون، نەتەوە توانی دەستکەوتی زۆر بەدەست بهێنێت.

بەڵام تایبەت بە دیدی کورد، هەندێ رۆشنبیری کورد قسەیان کرد، ئاماژەیان کرد بەو مەینەتییانەی تێیدا ژیاون، دووپاتیشیان کردەوە کە گرنگە تویژینەوە لە ئێستادا بکرێت و بڕوانرێتە ئاسۆی ئایندە و لێرەشدا پشتگیریی ئەوەیان دەکرد کە دیالۆگی نێوان ئەو لایەنە جیاوازانە پێویستە تەنیا لە چوارچێوەی سیاسیدا نەوەستێت، یان لەنێوان دەوڵەتاندا، بەڵکو دەبێ لەوە دەربچین و دیالۆگ بکەین لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و سەرکردە فیکرمەندەکان.

دیدی کوردی لە شتە هاوبەشەکانیدا داوای کرد یەکسانی بێتەئاراوە لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ براکانیان لە عەرەب و فارس و تورك، هەروەها ماف و ئەرکیان هەبێت، پێویستە ناکۆکییەکان جێبێڵین کە دەبنە هۆکاری نانەوەی شەڕ لەسەر حیسابی ژیانێکی سەربەرزانەی مرۆیی، هەروەها کورد و ئەوانی دیکە نەبنە سووتەمەنیی ئەو شەڕانە.

**دیدی کوردی لە شتە هاوبەشەکانیدا داوای کرد یەکسانی بێتەئاراوە لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ براکانیان لە عەرەب و فارس و تورک، هەروەها ماف و ئەرکیان هەبێت، پێویستە ناکۆکییەکان جێبێڵین کە دەبنە هۆکاری نانەوەی شەڕ لەسەر حیسابی ژیانێکی سەربەرزانەی مرۆیی، هەروەها کورد و ئەوانی دیکە نەبنە سووتەمەنیی ئەو شەڕانە**




**بەشداربووان جەختیان کردەوە لەسەر بایەخدان بە لاوان، چونکە زۆرینەی دانیشتووانی هەر چوار نەتەوە پێکدەهێنن، هاوکات پێویستە بۆ ئایندە ئامادە بکرێن و زەمینەی گونجاویان بۆ دەستبەر بکرێت بۆ دیالۆگ و شەراکەت لەنێوان خۆیاندا**

هەروەها ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانی عەرەب قسەیان کردو ستایشی دەستپێشخەرییەکەی کۆڕبەندی فیکری عەرەبییان کرد لە فراوانکردنی بازنەی دیالۆگ کە پێش چوار مانگ بە ناوی (دیالۆگی عەرەبی-کوردی) دەستی پێکرد، هاوکات ستایشی و ڕۆڵ و چاودێریکردنی میر حەسەن کوڕی تەلاڵیان کرد بۆ ئەو دەستپێشخەرییە.

### ● پێشنیارەکان

لەمیانی ئەو گەنگەشانەدا چەندین پێشنیار لەلایەن بەشداربووانەوە پێشکەشکران بە مەبەستی درێژەدان بە دیالۆگ و بەخشینی مۆرکی بەردەوامی بۆ کاراکردنی دیدی هاوبەش، ئەویش لەمیانی پێشنیارێك بۆ پێکهێنانی تیمێکی کار کە کەسایەتییەکانی هەر چوار کۆڵەگەی نەتەوە کۆبکاتەوە، هەروەها کارکردن بۆ ڕێکخستنی سیمینارێك، یان کۆنگرەیەکی ساڵانە بە سەرپەرشتیی کۆڕبەندەکە بۆ باسکردنی بوارەکانی پەیوەندی، ڕۆشنبیری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هاوکات هەر شتێك پەیوەست بێت بە پەرەپێدان و هاوکاری و بە گیانی بەها مرۆییەکان، بەتایبەتیش ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری، شەراکەت، بەشداریکردن، لێبوردەیی، ئاشتی، کارکردن بۆ گواستنەوەی دیالۆگ بۆ پایتەخت و شارەکانی هەرێمی ئەو چوار نەتەوەیە.

هەروەها ڕێککەوتن لەسەر دروستکردنی رایەڵەی پەیوەندیی نێوان تیمەکانی کار و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی تایبەت بەم دیالۆگە، هەروەها لەنێوان خاوەن بڕیارو زانکۆو مەڵبەندەکانی توێژینەوەو دیراسات، ئەمەش بۆ ئەوەی بۆشایی نەمێنێت لەنێوان هزرمەندو ڕۆشنبیر و ئەکادیمیستدا لەگەڵ ئیدارەکانی حوکمڕانی و دەسەڵاتداران، ئەوەش بە مەبەستی بەتینکردنی تەواوکاری و پێکەوەیی و بەشداریکردن لە چوارچێوەی پلانەکانی پەرەپێدان و هاوکاریدا، هەروەها ئاماژەیان بە گرنگیی سوودوەرگرتن کرد لە شارەزایی و کارامەیی زمانی هەر چوار لا و ڕۆڵی ئەو بوارە لە بەهێزکردنی لێکگەیشتنی هاوبەش.

بەشداربووان جەختیان کردەوە لەسەر بایەخدان بە لاوان، چونکە زۆرینەی دانیشتووانی هەر چوار نەتەوە پێکدەهێنن، هاوکات پێویستە بۆ ئایندە ئامادە بکرێن و زەمینەی گونجاویان بۆ دەستەبەر بکرێت بۆ دیالۆگ و شەراکەت لەنێوان خۆیاندا.

### ● کۆتایی

ئەم جۆرە کرانەوەی نێوان ڕۆشنبیران و خاوەن بڕیاران و بەرپرسانی هەر چوار نەتەوە کارێکە دەتوانێت لە یەکدییان نزیك بکاتەوەو هاوبەشە بنەڕەتییەکان بدۆزێتەوەو بەهێزیان بکات و جیاوازییەکان کورت و بچووك بکاتەوە، ئەمەش بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی کردنەوەی ئاسۆگەلی تازەو سەرکەوتوو لە هاوکاری، تاکو بەسەر زۆر کێشەی جیاوازدا زاڵ بن کە ناوچەکە پێوەیان دەتلێتەوە، هاوکات مەترسییەکانی لێکترازان و پەراگەندەیی ئێستای ناوچەکە کەم بکاتەوە.

***ئەندامی کۆڕبەندی هزری عەرەبی و مامۆستای یاسای دەستووری و زانستی سیاسی لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر**



**هۆکار و چارەسەری کێشەی توندڕەوی و توندوتیژی و مەترسیی تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت و گۆڕینی پەیامی پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن بۆ گیانی رق و قین و دژایەتی و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەو حاڵەتانە و بنبڕکردنی هزری توندڕەوی، چەند پرسێك بوون کە گۆڤاری گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا لەگەڵ دکتۆر محەمەد شاکر، راگری کۆلێژی شەریعەت لە زانکۆی سەلاحەدین، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری فقهی ئیسلامی و کاندیدی سەرکەوتوو بۆ پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، تاوتوێی کردن، کە لێرەدا پوختەکەی بڵاودەکەینەوە.**

## د.محەمەد شاکر

**کاندیدی سەرکەوتوو بۆ پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت پەیامی ئایینی شێواندووە و پەیامی خۆشەویستی و پێکەوەژیانیشی تێکداوە

*** کورد بە شێوەیەکی گشتی و بە جیاوازیی تەریقەتەکانی نەقشبەندی و قادری بڕوای بە توندوتیژی و رق و قین و توندڕەوی نەبووە، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لەسەر بنەمای خۆشەویستی و پێکەوەژیان و لێبووردەیی دامەزراوە؛ ئایا ئەم لادانە لە چییەوە هاتووە؟**

- بەڵێ، فەلسەفەی تەسەوف بەگشتی بە جیاوازیی تەریقەتەکانیش هەمووی لەگەڵ پێکەوەژیان و کولتووری قبووڵکردنی یەکتر و خۆشەویستی بەرامبەرن، بەتایبەتی ئەوانەی تەسەوفی راستەقینەن، چونکە تەنانەت تەسەوفیش زیادەڕۆیی تێدا کراوە. ئەوانەی هەڵگری رێگای تەسەوفن ئەوانەن کە رێگەی زوهدیان گرتۆتەبەر و رۆژی قیامەتیان دەوێت و بەهیچ شێوەیەك دنیایان ناوێت، واتە کەسانێکی پابەندن بە پەیام و تەریقەتی تەسەوف و دنیانەویستن، کەسی دنیانەویستیش لە کاری توندڕۆیی دووردەکەوێتەوە و رێگەی خۆنەویستی و خۆشەویستی بەرامبەر، ئەمەش بۆتەهۆی بەرجەستەبوونی گیانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی. ئەو تەسەوفەی لە کوردستانیش بوونی هەبووە و بەهێز بووە، بۆیە هەموو کات پەیامی مزگەوت پەیامێکی میانڕەو بووە و نەرمونیانی تێدابووە، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە ئەم پەیامە نەرمونیانە گۆڕدرا بۆ توندوتیژی و رق و قین، ئەمەش دەرئەنجامێکی چاوەڕوانکراو بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەندێك لە جۆری تەسەوف لە پەیامی راستەقینەی خۆی لایداو و بیروباوەڕێکی هاوردەی دەرەوەی کوردستان کرد کە جێگای تەسەوفی رەسەنی گرتەوە، هەروەها تێکەڵکردنی دین لەگەڵ

سیاسەت کە لە کوردستان بوونی هەیە و هۆکارێك بوو بۆ هاتنی هەندێ فکری نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردستان کە کاری توندڕەویی بەدوای خۆیدا هێنا. زۆربەی ئەوانەی ئایین و سیاسەتیان تێکەڵ کردووە، حزبە سیاسییەکانن کە ئەوانیش ڕۆڵێکی سلبییان هەبووە.

*** خودای گەورەو میهرەبان دەفەرموێت: (وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين) ئایا چاوەڕوان دەکرا لەناو بەندەکانیدا ئەم غەزەبە دروست بێت؟**

- کاتێك خودای گەورەو میهرەبان دەفەرموێت: (وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين)، ئەمە ئەو واتایە دەگەیەنێت کە ئیسلام تەنیا و تەنیا دینی ڕەحمەتە، ئێستاش کە کوشتار و وێرانکاری و کاولکردنی شارەکان دەبینین، ئەوا ئەمە لە سەتاسەت پێچەوانەی پەیامی ئیسلامە، هۆکارەکەش تێنەگەیشتنی تەواوە لە پەیامی ئایین و دەرکەوتنی کەسانێك کە بوونەتە موفتی و کاریزما و پێشەوا، ئەوەش وایکردووە گەنجەکان بە لاڕێدا ببرێن. هەندێ جار ئەو کەسانە لەبەر مەرامی سیاسی و ئابووری ئەم کارە دەکەن و موخاتەبەی سۆزی گەنجەکان دەکەن و موخاتەبەی عەقڵیان ناکەن. کاتێك باس لە دین دەکەن، باس لە هەندێك لادان لە دین دەکەن لەناو کۆمەڵگەکانی ئیسلامیدا، لەکاتێکدا هیچ کۆمەڵگەیەك نییە کامڵ بێ و کەموکوڕی نەبێت، وەکو ئەفلاتۆن باسی دەکات هیچ کۆمەڵگەیەکی میسالی لەهیچ سەردەمێك بوونی نەبووە، تەنانەت لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) خەڵکی خراپ و دووڕوو هەبووە، بۆیە ئەوان کە تەماشای کۆمەڵگەکان دەکەن، جەخت لەسەر هەندێك خراپەکاری و لادان دەکەنەوە بە شێوازێك باسی دەکەن و وەك کۆمەڵگەیەکی جاهیلی نیشانی دەدەن و ئاماژە بە هەندێك ئایەتی قورئانی پیرۆز دەکەن و وەکو خۆی تەفسیریان ناکەنەوە، بۆ نموونە ( ان الحكم الا لله، و من لم يحكم بما انزل الله فاولئك هم الكافرون ) کە چەمکی حاکمییەتی تێدایە و هەستیارە، ئەوان دێن بە ڕواڵەتییانە دەیخەنەڕوو، لەکاتێکدا دەبێت ئایەتەکان خەڵکانێکی شارەزا تەفسیری بکەن، ئەوانەی خۆیان دەکەن بە مفتی و کۆمەڵگە بە تەواوەتی بە کافر لە قەڵەم دەدەن، واتا حوکمڕانەکە و کۆمەڵگەکە بە کافر دادەنێن و باس لە مەفاهیمی جیهاد دەکەن، لە مەدلوول و چەمکی جیهاد تێنەگەیشتوون و ئەوەی خۆیان دەیانەوێت بەو شێوەیە تەفسیری دەکەن، لەبەرامبەردا گەنجەکە کە غیرەتێکی دینی هەیە، بەڵام حەسانەیەکی فیکری و زانستی وای نییە بتوانێت گفتوگۆ لەسەر ئەو شێوازە تەفسیر و لێکدانەوانە بکات، بۆیە باوەڕیان پێ دەهێنن و ڕوو لە کاری توندوتیژی و توندڕەوی دەکەن. ئەمەش بەڵگەیە بۆ چەند شتێك، یەکێکان لەوانە بوونی بۆشاییەکە کە مامۆستایانی ئایینی و گوتاربێژی مینبەرەکان نەیانتوانیوە بە باشی ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە، چونکە هەندێ چەمکی هەستیار هەن پێویستە بە باشی تەرکیزیان لەسەر بکەن، وەك چەمکی حاکمییەت و چەمکی ولا و براء و چەمکی تەکفیر و جیهاد کە پێویستە کەسانی میانڕەو شیکردنەو و ڕاڤەیەکی باشی ئەو چەمکانە بکەن. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، ئەوەیە کە ئەو کەسانەی دەکەونە ژێر کاریگەریی وتاری توندڕەوییەوە نیشانەی ئەوەیە کە سیستمی پەروردە سیستمێکی پڕۆفیشناڵ و پێشکەوتوو نییە، تا ئێستاش کار لەسەر گواستنەوەی زانیاری لە مامۆستاوە بۆ قوتابی دەکرێت لە بری گرتنەبەری شێوازی گفتوگۆی نێوان قوتابی و مامۆستا و پرسیارکردن و ڕەخنەگرتن و شرۆڤەکاری، بەڵام کاتێك قوتابی هەر وەرگر بێت، ئەوا ئەمە ئەو حاڵەتە دروست دەکات کە پێی دەوترێت تەمبەڵیی فیکری، کە ئەو کاتە ئەو کەسانەش دەبنە نێچیرێکی ئاسان بۆ توندڕەوەکان کە دێن و بە یەك دوو وتار مێشکیان دەشۆنەوە و گیرۆدەی فیکری توندڕەویان دەکەن.

*** باشە دەبێت لەم ڕووەوە چی بکرێت؟**

- من پێموایە پێویستە پێداچوونەوە بە مەنهەجەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردەدا بکرێت و قوتابییان ڕابهێنرێن لەسەر ڕەخنەگرتن و شرۆڤەکردن. تەنانەت پێموایە پێویستە لە میانەی بەرنامەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشدا خەڵکەکە بە هۆشیاری مامەڵە بکەن و متمانەیان بە عەقڵی خۆیان هەبێت و نابێت ئەرکیان تەنیا وەرگرتن بێت، ئەمە شتێکی مەترسیدارە.

*** وەك ئاماژەت پێدا تێگەیشتنی کورد بۆ ئیسلام تێگەیشتنە بۆ ژیان و ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی؛ ئەم تێگەیشتنە ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری و مەولەوی و نالی بەرهەم هێنا، ئەی بۆچی ئەم تێگەیشتنە ڕقبوونەوەی لە کوردستان لێکەوتەوە؟**

- چونکە پەیامی ئایینی ئەو کاتە پەیامێکی ڕاستەقینەی ڕوون و تەواو بووە و ئامانجێکی دونیایی لە پشتیەوە نەبووە. دواتر ئێمە دەزانین کە لە ڕووی ڕۆشنبیری، هەروەها لە ڕووی سیاسیشەوە زۆربەی کەسایەتییە هەڵکەوتووەکان کەسانی ئایینی بوون، وەکو شێخ مەحمودی حەفید و پێشەوا قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی. واتە کەسانی ئایینی پێشەنگی بزاڤی ڕۆشنبیری و بزاڤی سیاسیش بوون، بەڵام ئەوان بە هیچ شێوەیەك ئایین و سیاسەتیان تێکەڵ بە یەکتری نەدەکرد، چونکە ئەوان پەیڕەویان لەو ئایەتە دەکرد کە

> **ئەو کەسانەی چوونەتە نێو داعش بەوانەشەوە کە مەلا بوون، باش لە پەیامی ئایین تێنەگەیشتون و ئاستی خوێندنیان زۆر نزم بووە**

> **کاتێک کەسانێک هەن کە نە لەسەر گوتارێکی ئایینیی میانڕەو پەروردە کراون و نە کارێکیان لەگەڵدا کراوە نیشتمانی خۆیان خۆش بوێت، ئەوا دەبنە نیچیرێکی ئاسان بۆ توندڕەوەکان**

> **دەبێت ئایەتەکان خەڵکانێکی شارەزا تەفسیری بکەن، ئەوانەی خۆیان دەکەن بە مفتی و کۆمەڵگە بە تەواوەتی بە کافر لە قەڵەم دەدەن، واتا حوکمڕانەکە و کۆمەڵگەکە بە کافر دادەنێن و باس لە مەفاهیمی جیهاد دەکەن، لە مەدلوول و چەمکی جیهاد تێنەگەیشتوون و ئەوەی خۆیان دەیانەوێت بەو شێوەیە تەفسیری دەکەن**

> **چۆن دەبێت گرنگی بە گوتاری ئیسلامیی میانڕەو بدرێت، دەبێت بە هەمان شێوە گرنگی بە گوتاری نیشتمانییش بدرێت و کارێک بکرێت خەڵکی نیشتمانەکەی خۆیان خۆش بوێت**

دەفەرموێت: (ان المساجد لله فلا تدعوا مع الله احدا)، مزگەوت تەنیا بۆ خوایەو نابێت تێکەڵ بە ئامانجی دونیاوی بکرێت، کێشەکە لێرەدایە کاتی خۆی سیاسەت و دین تێکەڵ نەدەکرا، ئێستا تێکەڵ کراوە و کەلێنێکی وای دروست کردووە، پەیامی ئایینی شێواندووە و پەیامی خۆشەویستی و پێکەوەژیانیشی تێکداوە. لەو سەردەمانەی پێشوو مامۆستاو زانایانی ئایینیش جیاواز بوون، ئەوان زۆربەی کات باسی خۆشەویستی و قسەی خۆش و نوکتەو نەستەقیان کردووە. کەچی کەسانێکی وا پەیدا بوون پەیامی توندیان هەڵگرتووە و تەنانەت دەڵێی دوژمنایەتیان لەگەڵ دنیادا هەیە. کەچی ئایین باسی لەوە نەکردووە کە دەبێت دنیا فەرامۆش بکەیت، بۆ نموونە خودای گەورەو میهرەبان دەفەرموێت: (ربنا آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة)، لە ئایەتێکی دیکە دەفەرموێت: (ولا تنس نصيبك من الدنيا). کەواتە کێشەکە لەو فیکرە قوتوبەندانەیە کە لە دەرەوەی کوردستان هاوردە دەکرێت، ئەگەرنا فیکری ئایینی لە کوردستاندا فیکرێکی پاك بووە و ئێستا زۆربەی خەڵك لەسەر ئەو ڕێچکەیەن، بەڵام ئەو فیکرە هاوردەیەی هەیە کاریگەریی خراپی هەبووە و بە شێوەیەکی گشتی گوتاری ئایینی بە لاڕێدا براوە، چونکە بینیمان گەنجانێك لە کۆمەڵگەکەی ئێمە چوونە نێو داعش و ئێستاش گەنجانێك هەن فیکری توندڕەویان هەیە کە پێویستە جددیتر کار لەسەر ئەم مەسەلەیە بکرێت.

*** جاران ئێمە ترسمان لە دزەکردنی تیرۆریستان هەبوو، هەر بۆیە پشتێنەی ئەمنی و سەربازیمان دروست کردووە، ئێستا لەناو ئەو پشتێنەیەدا مەلاو کەسانی توندڕەوی وا دروست دەبن، پرسیار ئەوەیە چی وایکردووە لەناو کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز و میانڕەو لە ئیسلام توندڕەویی وا مەترسیدار دروست بێت؟**

- کاتێك دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان گرنگییەکی زۆر بە پاراستنی سنوورەکانی کوردستان دەدەن بۆ ئەوەی تیرۆریستان بەگشتی و داعش بەتایبەتی دزە نەکەن و زیان بە خەڵکی بگەیەنن، هەروەکو چۆن لە بەرگریی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لەشەڕی داعشدا بینیمان و لە پێناو نەتەوەکەیاندا شەهید بوون و قوربانییەکی زۆریان دا، بینیمان داعش لە رووی سەربازی داڕووخا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لە رووی بونیادی فیکری داعش بوونی هەیە و ئەو بیروباوەڕە توندڕەوانە نامرن و ئەگەری ئەوەی هەیە بە ناو و شێوازی دیکە سەرهەڵبدەنەوە. پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە تەنیا تێکشکاندنی سەربازیی داعش بەس نییە، بەڵکو دەبێت بایەخ و گرنگیش بە لایەنی فیکریش بدرێت، هەرچەندە دەتوانم ئەوە بڵێم کە بە بەراورد بە دەوڵەتانی ناوچەکە توندڕەوی لە کوردستاندا نەبووەتە دیاردە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کەسانە ژمارەیان چەند کەم بێت، ئەوا هەر زۆرن، چونکە بواری تەشەنەکردنیان بۆ دروست دەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە هەماهەنگی و کار و کۆششی درێژخایەن هەبێت بۆ نموونە لەنێوان وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردە و رۆشنبیری و پێویستە بەرنامەی تێروتەسەل هەبێت بۆ بنبڕکردنی هزری توندڕەوی.

*** ئەو هۆکارو سەرچاوانە چین کە وا لە مەلایەکی کورد دەکات بەیعەت بە گرووپێکی تیرۆریستی وەکو داعش بدات کە کچ و ژنی نەتەوەکەی رفاندووە و کوڕ و پیاوەکانی کۆمەڵکوژ کردووە؟**

-من دەڵێم چۆن دەبێت گرنگی بە گوتاری ئیسلامیی میانڕەو بدرێت، دەبێت بە هەمان شێوە گرنگی بە گوتاری نیشتمانییش بدرێت و کارێك بکرێت خەڵکی نیشتمانەکەی خۆیان خۆش بوێت. ئەوەتا ئێستا لە هەموو زانکۆکان تەنانەت لە کۆلێژ و بەشەکانی پزیشکی و ئەندازیارییش بابەتێکی گشتی هەیە کە پێی دەوترێت کوردۆلۆژی، بۆ ئەوەی قوتابی ئاشنا بێت بە مێژوو و جوگرافیای خۆی و نیشتمانی خۆی خۆش بوێت، مامۆستایانی ئایینیش بە هەمان شێوە دەبێت گرنگی بە لایەنی نەتەوەیی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان بدەن، ئەمە سەرەڕای پابەندبوونیان بە ئایین، هەروەکو چۆن لە مێژووی خۆیاندا کەسانی ئایینپەروەر بوون، بە هەمان شێوە لە ریزی پێشەوەی بەرگریکردن بوون لە کێشەی نەتەوەکەی خۆیان. بەڵام کاتێك کەسانێك هەن کە نە لەسەر گوتارێکی ئایینیی میانڕەو پەروردە کراون و نە کارێکیان لەگەڵدا کراوە نیشتمانی خۆیان خۆش بوێت، ئەوا دەبنە نیچیرێکی ئاسان بۆ توندڕەوەکان، ئەو توندڕەوانەی کەوا هاوکێشەکەیان گۆڕیوە، وەك ئەوەی ئەگەر تۆ کوردستانت خۆش بوێت ئەوا تۆ موسڵمانێکی تەواو نیت، لە کاتێکدا دەکرێت تۆ موسڵمانێکی میانڕەو بیت و نیشتمانی خۆیشت خۆش بوێت. لەبەر ئەوە ئەو کەسانەی چوونەتە نێو داعش بەوانەشەوە کە مەلا بوون، باش لە پەیامی ئایین تێنەگەیشتون و ئاستی خوێندنیان زۆر نزم بووە، چونکە نەمانبینیوە کە زانایەکی دیاری ئایینی، یان مامۆستایەکی ئایینی کە پێگەیەکی دیاری هەبێت چوبێتە نێو داعش، چونکە ئەو کەسانە حەسانەی فیکری و زانستییان هەیە.

**کەسانی ئایینی پێشەنگی بزاڤی رۆشنبیری و بزاڤی سیاسیش بوون، بەڵام ئەوان بە هیچ شێوەیەک ئایین و سیاسەتیان تێکەڵ بە یەکتری نەدەکرد**

**پێویستە لە میانەی بەرنامەی کەناڵەکانی راگەیاندنیشدا خەڵکەکە بە هۆشیاری مامەڵە بکەن و متمانەیان بە عەقڵی خۆیان هەبێت و نابێت ئەرکیان تەنیا وەرگرتن بێت، ئەمە شتێکی مەترسیدارە**

**تا ئێستاش کار لەسەر گواستنەوەی زانیاری لە مامۆستاوە بۆ قوتابی دەکرێت لە بری گرتنەبەری شێوازی گفتوگۆی نێوان قوتابی و مامۆستا و پرسیارکردن و رەخنەگرتن و شرۆڤەکاری، بەڵام کاتێک قوتابی هەر وەرگر بێت، ئەوا ئەمە ئەو حاڵەتە دروست دەکات کە پێی دەوترێت تەمبەڵیی فیکری**

**لە کۆلێژ و بەشەکانی پزیشکی و ئەندازیاریش بابەتێکی گشتی هەیە کە پێی دەوترێت کوردۆلۆژی، بۆ ئەوەی قوتابی ئاشنا بێت بە مێژوو و جوگرافیای خۆی و نیشتمانی خۆی خۆش بوێت، مامۆستایانی ئایینیش بە هەمان شێوە دەبێت گرنگی بە لایەنی نەتەوەیی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان بدەن**

**ئیکارت ووڕتز** پسپۆڕی کاروباری نێودەوڵەتیی بۆ گوڵان:

# بەرپرسیاریێتی سەرەکیی چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەوێتە ئەستۆی گەلانی ناوچەکە

**پێشتر گفتوگۆ لەبارەی پرسی خۆسەپێنی و پرۆسەی بە دیموکراتیکردنەوە دەکرا، بەڵام ئێستا نابینین بەو شێوەیە ئەو پرسانە تاوتوێ بکرێن**

*** چۆن لە هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، بەتایبەتی کە دەبینین پشێوی باڵی کێشاوە بەسەر چەندین دەوڵەتی ئەم ناوچەیەدا و چەند دەوڵەتێکیش بە دەست شەڕی ناوخۆیی و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوە گرفتارن؟**

- راستە ئەمە کێشە راستەقینەکەیە، چونکە پێشتر گفتوگۆ لەبارەی پرسی خۆسەپێنی و پرۆسەی بە دیموکراتیکردنەوە دەکرا، بەڵام ئێستا نابینین بەو شێوەیە ئەو پرسانە تاوتوێ بکرێن، مەبەستم ئەوەیە ئەو دەوڵەتانە نەیانتوانی ئەو ئەرکانە ئەدا بکەن کە لێیان چاوەڕوان دەکرا.

*** باشە هۆکارە بنەڕەتی و سەرەکییەکان چین کە ئەم دەوڵەتانە نەیانتوانی ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن کە لێیان چاوەڕوان دەکرا؟ بۆچی دۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستای لێهات؟**

- لە راستیدا ئەگەر ئێمە لە رووی ئابوورییەوە لەم پرسە بڕوانین و لەم گۆشەنیگایەوە شرۆڤەی بۆ بکەین، ئەوا دەتوانن بڵێین کە کاتێك باس لە داڕشتن و خستنەگەڕی سیاسەتی ئازادکردنی ئابووری - liberalization of economy - دەکرێت، ئەوا تەنانەت ئەم هەوڵە نەبووە هۆی ئەوەی گەشەکردنی ئابووری بە دوای خۆیدا بهێنێت و ئابوورییەکی بەهێزی لێبکەوێتەوە، بە چەشنێك کە هەموو لایەك لێی بەهرەمەند بێت، ئەمە سەرباری بوونی کێشەی گەندەڵی لەم وڵاتانەدا کە ئێمە دەزانین گەندەڵی کۆسپ و بەربەستی گەورە لەبەردەم گەشەکردنی ئابووریدا دروست دەکات.

*** بەڵام ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە پێکەوە بەستراو و پێکەوە گرێدراوە بەو پێیە کاریگەرییەکانی قەیران و کێشەکانی هەر ناوچەیەك کاریگەری و دەرهاویشتەی دەبێت لەسەر ناوچەکانی دیکەی جیهان، ئێوە چۆن لە کاریگەریی پشێوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بەشەکانی دیکەی جیهان دەڕوانن؟**

- ئەوە راستە، چونکە دەبینین بارودۆخی شەڕ و پشێوی لەو وڵاتانەدا بوونەتە هۆی ئەوەی کەسانێك کۆچ بکەن، بەتایبەتی گەنجان بۆ ئەو وڵاتانەی کە پێیانوایە ئایندەیەکی باشتر بۆ خۆیان فەراهەم دەکەن و دەتوانن هەلی کار بەدەست بهێنن. پێموایە بۆ بەرگرتن بەم حاڵەتەش پێویستە پرۆسەی ئاشتەوایی و ئاوەدانی لەو وڵاتانەدا بەدی بێت.



ئیكارت وۆرتز توێژەرە لە سەنتەری بەرشەلۆنە بۆ كاروباری نێودەوڵەتیی، پێشتر بەڕێوەبەری دیراساتی ئابووری بووە لە سەنتەری توێژینەوەی كەنداو لە دوبەی. وانەبێژە لە سكوولی پاریس بۆ كاروباری نێودەوڵەتی و وانەبێژی بابەتی ئابووری سیاسییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفریقیا. بۆ تاوتوێكردنی شكستی دەوڵەتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەداكردنی ئەرك و بەرپرسیارێتییە سەرەكییەكانیان و ئەو دەرئەنجام و كاریگەرییانە لەم شكستە دەكەوێتەوە و بۆ تیشك خستنەسەر چەند پرسێكی دیكەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.

*** باشە رۆڵ و بەرپرسیارێتی هێزە جیهانییەكان، بەتایبەتی هێزە مەزنەكانی وەك ئەمریكا چییە و تا چەند ئەم هێزە دەرەكییانە دەتوانن هاوكار بن بۆ مامەڵەكردن و بەرەنگاربوونەوە و چارەسەركردنی قەیران و كێشەكانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە؟**

- لە راستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە رۆڵی ئەمریكاوە لەم ناوچەیە، ئەوا ئەو خوێندنەوەیە هەیە كە ئەمریكا دەیەوێت ئەوەندەی دەكرێت خۆی بە دوور بگرێت لە تێوەگلان لە كێشە و پشێوییەكانی ئەم ناوچەیە، كە ئەمەش بوار و دەرفەتی بۆ هەندێ هێزی دیكە دروست كردووە، بۆ ئەوە رۆڵ ببینن لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، بە چەشنی رۆڵی رووسیا لە سووریادا. بەڵام هەرچۆنێك بێت، من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕا نیم كە چارەسەركردنی كێشەكانی ئەم ناوچەیە ئەرك و بەرپرسیارێتی هێزە دەرەكییەكان بێت و، پێم وانییە ئەم كێشانە بە دەستتێوەردانی دەرەكی چارەسەر ببن، بە واتای ئەوەی دەبێت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی كار لەسەر چارەسەركردنی كێشەكانی خۆی بكات، چونكە بەرپرسیارێتییە سەرەكییەكە لە ئەستۆی خۆیانە.

*** بەڵام لە ئێستادا دەبینین ئەمریكا فشارێكی زۆری لەسەر وڵاتی ئێران دروست كردووە، پرسیارەكە ئەوەیە ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن و ئایا هۆكاری زیادبوونی ئەم فشارانەی ئەمریكا لەسەر ئێران چییە؟**

- ئاشكرایە ئێران رۆڵی هەیە لە ناوچەكەدا، بەتایبەتی لە وڵاتی سووریادا، بە هەمان شێوە ئاشكرایە كە ئێران پشتیوانی حزبوڵا دەكات، بە چەشنێك كە ئیسڕائیل ئەمە بە مایەی هەڕەشە بۆ سەر خۆی دادەنێت.

*** هەروەك دەزانین چەندین وڵاتی ئەم ناوچەیە بە دەست شەڕێكی ناوخۆیی سەختەوە دەناڵێنن، وەك سووریا و لیبیا و یەمەن، ئایا پێتوایە چارەنووسی ئەم وڵاتانە پارچە پارچە بوون و دابەش بوون بێت؟**

- لە راستیدا ئەوەی بەدی دەكرێت دابەشبوونێكی ئەمری واقیعە، بۆ نموونە ئەوەی پەیوەندی بە سووریاوە هەبێت ئەوا هەلومەرجەكە بە چەشنێكە كە من پێموا نییە رژێمی ئەسەد بتوانێت بە تەواوەتی كۆنترۆڵی سەرجەم خاكی سووریا بەدەست بهێنێتەوە.

**ئێران رۆڵی هەیە لە ناوچەكەدا، بەتایبەتی لە وڵاتی سووریادا، بە هەمان شێوە ئاشكرایە كە ئێران پشتیوانی حزبوڵا دەكات، بە چەشنێك كە ئیسڕائیل ئەمە بە مایەی هەڕەشە بۆ سەر خۆی دادەنێت**




یەحیا زوبێر

پڕۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# لە ترسی ئەوە نەبوایە داعش سوودمەند دەبێت لە بارودۆخەکە ئەوا هەندێ ناوچە لە عێراقدا ڕاپەڕینیان ئەنجام دەدا

**یەحیا زوبێر بڕوانامەی دکتۆرای لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی بەدەست هێناوە. لە ئێستادا پرۆفیسۆری پەیوەندی و ئیدارەدانی پەیوەندییەکان و بەڕێوەبەری دیراساتی جیوپۆلەتیکیە لە سکوڵی مارسیلیا. بۆ شرۆڤەکردنی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڵسەنگاندن و هەڵوەستەکردن لەسەر سیاسەتەکانی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەو ئایندە و چارەنووسی ئەم ناوچەیە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بیروبۆچوونەکانی کرد.**

*** بە شێوەیەکی گشتی چ هەڵسەنگاندنێکت هەیە بۆ بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێتوایە ڕەوتی ڕووداوەکان بە چ ئاراستە و ئاقارێکدا دەڕوات؟**

- کەمترین شتێك کە لە بارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بوترێت، ئەوەیە کە ئەم ناوچەیە لە دۆخێکی شلۆق و لەرزۆکدایە. ئێمە دەزانین لە دوای ساڵی ٢٠١١وە، کاتێك چەندین ڕاپەڕین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیادا ڕوویاندا، ئەم ناوچەیە دووچاری چەندین کێشە بووەتەوە و لەو کاتەوە دۆخەکە بەرەو باشتر نەچووە و ئەوەی پێی دەوترا چاکسازی بە هیچ کوێ نەگەیشت. هەروەها شەڕە ناوخۆییەکانی سووریا و یەمەن ئەوەندەی دیکە دۆخەکەیان ئاڵۆز کرد، ئەمە سەرەڕای چەندین دەستتێوەردانی دەرەکیی جۆراوجۆر. بە هەمان شێوە ئەوەی پێی دەوترێت پرۆسەی ئاشتی- جەوهەری ئەم کێشەیەش ئەوەیە کە پێی دەوترێت ناکۆکی ئیسرائیل و فەلەستین- بەرەوپێش نەچووە. من پێموایە بۆ چەندین ساڵی داهاتووش کێشەی فەلەستین وەك کێشەیەکی بنەڕەتی دەمێنێتەوە.

*** باشە لە نێو هەموو ئەو کێشە و ئاڵۆزییانەی ئاماژەتان پێکرد، ئەو پەرەسەندن، یان تەحەددییە چییە کە مایەی زۆرترین نیگەرانییە و پێویستە ئاوڕی جددی و بەپەلەی لێ بدرێتەوە؟**

- هەروەك ئاماژەم پێکرد، کێشەی فەلەستین بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێو ئەجێندای کاردا دەمێنێتەوە و ئێستاش کێشەی ئەوەی هاتۆتەسەر کە ئەمریکا چیتر پێشوازی لە پەنابەران ناکات، دواتر من پێشبینی دروستبوونی چەندین کێشە دەکەم، کاتێك دەوامی قوتابخانەکان دەست پێدەکەنەوە و چەندین منداڵ ناتوانن بچنە قوتابخانە، بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە فەلەستین لەئارادایە، ڕەنگە ئەمەش سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانەوەی ڕاپەڕینێکی دیکە لەلایەن فەلەستینییەکانەوە دژی ئیسرائیل. هەرچۆنێك بێت، دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین کاتێك جارید کۆشنەر پلانەکەی ئاشکرا دەکات- کە بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی ئیسرائیلدا دەبێت- ئەم پلانە چ دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەکی لێدەکەوێتەوە. پەرەسەندنێکی دیکە ئەو کارەساتە مرۆییەیە کە لە یەمەن ڕوودەدات. هەروەها ئەو پرس و باسەی لە ئێستادا لە ئارادایە لەبارەی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران، یاخود پرسی هەوڵەکانی سعودیە و ئیسرائیل بۆ ئەوەی ئەمریکا لە دژی ئێران دەستتێوەردان بکات. دواتر من پێموانییە سەپاندنی سزاکان بەسەر ئێراندا یارمەتیدەر بن، چونکە ئێران بە ڕۆژگاری سەختتردا تێپەڕیوە و پێموایە ئەم سزایانەش تێدەپەڕێنێت بە چاوپۆشی لەوەی چەندە سزای سەختن، پێموایە ئەمانە کێشە بنەڕەتییەکانن. خۆ ئەگەر بێت و لە پرسەکانی دیکە بڕوانین، ئەوا دەبینین هاوپەیمانێتی ڕووسیا و سووریا ئەو دەرئەنجامەی لێکەوتووەتەوە کە ڕژێمی ئەسەد زۆربەی ئەو خاکانەی کۆنترۆڵ کردووەتەوە کە لەژێر دەستی داعش و گرووپەکانی دیکەدا بوون.

**ئەوروپییەکان وەبەرهێنانەکانیان لە ئەمریکادا کەمی کردووە بە بەراورد بە رابردوو، کەواتە دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە ئەوروپییەکان لە هەوڵی بایەخپێدان و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بن**

*** باشە بە شێوەیەکی گشتی پێتوایە**

**سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا- بە بەراورد بە ئیدارەی پێشووتر- گۆڕانکارییەکی ریشەیی و بنەڕەتی بەسەردا هاتووە لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئایا ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی ناوچەکە پتر نائارام بێت، یاخود بەپێچەوانەوە لە ئایندەدا بەرەو سەقامگیری دەچێت؟**

- بە باوەڕی من سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا پتر نائارامی و نادڵنیایی دروست دەکات لەم ناوچەیەدا، دواتر سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەردا هاتووە بە بەراورد بە سیاسەتی ئیدارەی پێش خۆی بەتایبەتی لە پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ قودسدا- وەك گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ ئەو شارە-، چونکە ئیدارەی پێشوی ئەمریکا خۆی لە هەڵگرتنی هەنگاوێکی لەم چەشنە بە دوور دەگرت و چاوەڕێی ئەوە بوو کە جۆرێك لە رێککەوتن لە نێوان فەلەستینی و ئیسرائیلییەکاندا لەسەر پرسی ئەو شارە بێتەدی. هەروەها پشتیوانی ئیدارەی ئێستا بۆ ئیسرائیل کە رەنگیداوەتەوە لە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست پەنابەراندا دەبێتەهۆی ئەوەی لە ئایندەدا رەوشەکە دژوارتر بێت، چونکە پێشبینی ئەوە دەکەم هەستی دژە ئەمریکا لە ناوچەکەدا هەڵکشێت، بەهۆی هەڵوێستی ئەمریکا لە ئاست قودس و کێشەی فەلەستیندا، لەبەر ئەوە پێشبینی دەکەم پشێوییەکانی ناوچەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچن، نەك ئاشتی و گەشەکردنی زیاتر بێنەدی.

*** ئێوە ئاماژەتان بە سیاسەتی ئەمریکا کرد بۆ سەپاندنی سزاکان بەسەر ئێراندا، بەتایبەتی دوای کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن لە دەرئەنجام و ئاکامەکانی ئەم بڕیارە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا ئەم بڕیارە پەیامێك یان ئاماژەیەکی هەڵە دەنێرێت بۆ هەر وڵاتێك کە بیەوێت رێککەوتن بکات لەگەڵ ئەمریکادا، چونکە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی دا لە رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی کە ئیدارەی پێش خۆی واژووی لەسەر کردبوو. ئەمەش دەرئەنجامی باشی بۆ سیاسەتی ئەمریکا لێناکەوێتەوە. هەروەها دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئەمە هەڵوێستی ئیدارەی ترەمپ نەبوو لە ئاست رێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا بە تەنیا، بەڵکو هەمان هەڵوێستی هەبوو لە ئاست رێککەوتنی پەیوەست بە ژینگەوە. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك وڵاتە ئەوروپییەکان ئامادەن لە بەرامبەر ئەمریکادا بوەستنەوە، مەبەستم ئەوەیە ئایا تا چەند ئەوان ئامادەن درێژە بە کارکردن بدەن لە ئێراندا و تا چەند گوێ بە هۆشدارییەکانی ئەمریکا نادەن لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا. هەروەها ئێستا ئەوروپا کێشە و پرسی پەیوەست بە بازرگانی هەیە لەگەڵ ئەمریکادا، مەبەستم ئەوەیە نابێت بە دابڕاوی لە کێشەی پەیوەست بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران بڕوانین.

*** کەواتە ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت کە کەلێن و دابڕانێکی گەورە لە نێوان ئەمریکا و ئەوروپادا بێتەئاراوە لەسەر پرسی پەیوەست بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، کە ئێمە دەزانین هەڵوێستەکانیان لەو ئاستەدا جیاوازن؟**

- ئەمە تەواو رێی تێدەچێت، دواتر دەبێت ئێمە چاوەڕێ بکەین و بزانین ئایا ئەمریکا بڕیارەکانی خۆی جێبەجێ دەکات لەبارەی سەپاندنی باجی گەورە و ئایا شەڕە بازرگانییەکە دەبێتەهۆی ئەوەی ئەمریکا دوچاری گۆشەگیری یان دژواری ببێتەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا و ئایا ئەوروپییەکان پێداچوونەوە بە رێککارەکانیاندا دەکەن لە پەیوەندی بە بازرگانیکردن لەگەڵ چیندا. کەواتە چەند رێکارێك هەن بۆ ئەوەی ئەوروپییەکان بیگرنەبەر، چونکە ئێستا ئاماژەی ئەوە لە ئارادایە کە ئەوروپییەکان وەبەرهێنانەکانیان لە ئەمریکادا کەمی کردووە بە بەراورد بە رابردوو، کەواتە دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە ئەوروپییەکان لە هەوڵی بایەخپێدان و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بن.

*** هەروەك ئاشکرایە لە ئێستادا ئەمریکا فشارێکی ئابووری زۆری خستووەتەسەر ئێران، ئایا پێتانوایە ئەم گوشارانەی ئەمریکا دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەتی ئێرانی ئامادە بێت**

**سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ رایگەیاند کە ئامادەیە بێ مەرجی پێشوەختە لەگەڵ ئێران کۆبوونەوە بکات، بەڵام ئێران ئەم دەستپێشخەرییەی رەتکردەوە، لەبەر ئەوەی پێیوانییە دەستپێشخەرییەکی راستەقینە بێت**

**ئێران هەست دەکات ئیحتیوا کراوە و چواردەوری گیراوە بە هێزەکانی دیکە، ستراتیژیەتی ئێرانیش ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتێکە و بەرژەوەندی خۆی هەیە و دەبێت بیانپارێزێت**

**بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ و لەگەڵ ئەمریکا دانوستاندن بکاتەوە؟**

- من پێموایە ئێران لە ماوەی کورتدا دوچاری تەنگوچەڵەمە دەبێتەوە، بەڵام دواتر ڕێگایەك دەدۆزێتەوە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم سزا سەپێندراوانە بەسەریدا، دواتر ئێران وەك وڵاتانی دیکەی عەرەبی ناوچەکە نییە و توانایەکی زیاتری هەیە. هەروەها من پێموایە فشارخستنەسەر ئێران کاریگەری پێچەوانەوەی لێدەکەوێتەوە. هەروەها ئێمە بینیمان سەرەڕای ئەو هەوڵانەش، ئەوا سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند کە ئامادەیە بێ مەرجی پێشوەختە لەگەڵ ئێران کۆبوونەوە بکات، بەڵام ئێران ئەم دەستپێشخەرییەی ڕەتکردەوە، لەبەر ئەوەی پێیوانییە دەستپێشخەرییەکی ڕاستەقینە بێت. لەگەڵ هەموو ئەوەشدا من دڵنیام کە هەوڵی پشت پەردە هەیە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و بۆ من جێی سەرسوڕمان نابێت کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا ئەمریکا و ئێران گفتوگۆ بکەن، ئەگەرچی من پێموانییە گفتوگۆکان تەنیا بە پێی مەرجەکانی ئەمریکا بەڕێوەبچن.

*** کەواتە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا بە دوور نازانیت؟**

- ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم ئەوا من نازانم، چونکە بەرپرسە ئێرانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێککەوتنەکە لەئارادابوو، هەرچەندە ئەوەش ڕاستە کە فەرەنسا پێشنیاری ئەوەی کرد چەند بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت، کە ئێمە دەزانین ئەمانە خواستی سعودیە و ئیسرائیل بوون، لەگەڵ ئەوەشدا من باوەڕم وانییە ئێران سازشی گەورە بکات لەبارەی ڕێککەوتنەکەوە، هەرچەندە بە دڵنیاییەوە ئەمە بەندە بەوەی ئەمریکا دەیخاتەڕوو و پێشکەشی دەکات، وەك هەڵگرتنی سزاکان و هەنگاوی هاوشێوەی لەو چەشنە. هەرچۆنێك بێت ئەمە بڕیارێکە بۆ کاربەدەستانی ئێران دەگەڕێتەوە و من نازانم ئەوان چۆن ئەم پرسە تاوتوێ دەکەن. بەڵام لەم ساتەوەختەدا پێموایە ئێران دەیەوێت پابەند بێت بە ڕێککەوتنەکەوە و بۆچوونی وایە کە ئەمە باشترین ڕێککەوتنە کە بتوانرێت ئەنجام بدرێت کە دوای چەندین ساڵ لە گفتوگۆکردن و دانوستاندن هاتەئاراوە و ناکرێت بەو سادەییە ئیدارەی ترەمپ بێت و ڕایبگەیەنێت کە من ئەو ڕێککەوتنەم ناوێت.

*** باشە زۆر باس لەوە دەکرێت ئێران سەرقاڵی فراوانخوازی و پەرەپێدانی دەستڕۆیشتوویییە لە ناوچەکەدا، بیروبۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئێران هەست دەکات ئیحتیوا کراوە و چواردەوری گیراوە بە هێزەکانی دیکە، ستراتیژیەتی ئێرانیش ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتێکە و بەرژەوەندی خۆی هەیە و دەبێت بیانپارێزێت، ئیدی ئەگەر ئەمە بە فراوانخوازی لێك بدرێتەوە، یان نا، ئەوا لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئەوان بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن. واتە من لێرەدا هەوڵ دەدەم مەسەلەکە لە دیدگای دەوڵەتێکەوە لێك بدەمەوە. مەبەستم ئەوەیە ئێران هەست دەکات کۆمەڵێك هێزی دوژمنکاری دەوری داوە و بووەتە ئامانجی نەك تەنیا ئەمریکا بەڵکو وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش.

*** با بێینە سەر پرسێکی دیکە و پرسیار لە ڕۆڵی فەرەنسا بکەین لەم ناوچەیە، کە ئێوە کەسێکی نیشتەجێن لەو وڵاتەدا و بەدواداچوون دەکەن بۆ ڕۆڵی ئەم وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێتانوایە دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئیمانوێل ماکرۆنەوە هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر سیاسەتی فەرەنسا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا بەدی هاتووە، یان ئایا فەرەنسا دەیەوێت چ ڕۆڵێکی لە کێشە و قەیرانەکانی ئەم ناوچەیەدا هەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە فەرەنسا لە سایەی دەسەڵاتی ئیمانوێل ماکرۆندا دەیەوێت ڕۆڵێکی بەرچاوتری هەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بەگشتی، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە فەرەنسا بە چەندین پرس و کێشەی ناوخۆییەوە سەرقاڵە و ئەمەش دەبێتەهۆی سنووردارکردنی ڕۆڵی ئەو وڵاتە، هەروەها کاتێك فەرەنسا لەگەڵ ئەمریکادا گورزی مووشەکی ئاراستەی سووریا کرد، ئەوا کاردانەوەی ناوخۆیی وڵاتەکە ئیجابی نەبوو بە چاوپۆشین لەوەی چ تێڕوانین و پاساوێك لەلایەن ماکرۆنەوە خرایەڕوو، کەوابوو ئەو هەنگاوە

**کێشە بنەڕەتییەکە خراپ ئیدارەدانی ئابووریی وڵاتەکەیە، کێشەکە حوکمڕانی خراپە. دواتر دەتوانین بڵێین کە دەستتێوەردانە دەرەکییەکانیش ئەوەندەی دیکە ئەم کێشانەی ئاڵۆزتر کردووە**

**زۆربەی حکومەتەکانی ناوچەکە لەلایەن هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە پاڵپشتییان لێدەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا هێز و دەستتێوەردانە دەرەکییەکان ناتوانن سەقامگیری بۆ ئەم ناوچەیە بگەڕێننەوە، بەڵکو کێشە، یان ڕەوشە ناوخۆییە هێندەی دیکە ئاڵۆز دەکەن**

ئاماژەیەکی ئیجابی نەبوو بۆ ئیدارەکەی ماکرۆن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا و هەروەك ئاماژەم پێکرد فەڕەنسا خوازیاری پەرەپێدانی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانیەتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا. کەواتە دەتوانین بڵێین ماکرۆن دەیەوێت پێگەی فەڕەنسا لەسەر نەخشەکە بەدەست بهێنێتەوە، کە ئێمە دەزانین لە رووی مێژوییەوە فەڕەنسا رۆڵی هەبووە لە سووریا و لوبناندا. بەڵام هەروەك وتم سەرقاڵبوونی بە پرسە ناوخۆییەکانیەوە تواناکانی سنووردار دەکات، بەتایبەتی کە ماکرۆن دەیەوێت هەندێ چاکسازی بکات لە ناوخۆی وڵاتدا کە پشتیوانییەکی گەورەی جەماوەری لێناکرێت، کەوابێت ئێستا ئاستی پشتیوانیی جەماوەری لە ماکرۆن لە ئاستێکی بەرزدا نییە، ئەگەرچی دوای بەدەستهێنانی جامی جیهانی تۆپی پێ تا رادەیەك بەرز بووەوە، بەڵام پێموایە بەهۆی ئابڕووچونی پەیوەست بە پاسەوانە شەخسییەکەیەوە دووبارە ئاستی پشتیوانی جەماوەری دادەبەزێت. هەروەها هەڵوێست و رۆڵی فەڕەنسا لە لیبیا و سووریاشدا پشتیوانییەکی بەرفراوانی جەماوەری لێ نەکراوە و ئێستا لە ناوخۆدا کێشەی هەڵئاوسان هەیە و رەوشی بێکاری باشتر نەکراوە، واتە ئەگەرچی سیاسەتێکی ئابووریی لیبراڵیش پیادە دەکات، بەڵام لەلایەن هاووڵاتیانی وڵاتەکەوە بە شێوەیەکی ئیجابی لێی ناڕوانرێت.

*** ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ کێشە و پشێوییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تیشك بخەینەسەر گرووپ و رێکخراوە تیرۆریستییەکان، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە هۆکارە بنەڕەتی و ریشەییەکانی دروستبوون و سەرهەڵدانی ئەم گرووپانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من بەشێکی زۆری هۆکارەکە بۆ خراپ ئیدارەدانی دەسەڵات و بۆ خراپی سیاسەتی ناوخۆیی و بوونی گەندەڵی دەگەڕێنمەوە، ئەوەتا لە عێراق و لە شوێنەکانی دیکەش چەندین خۆپیشاندان دەکرێت لە دژی ئەم حاڵەتانە، کەواتە کێشە بنەڕەتییەکە خراپ ئیدارەدانی ئابووریی وڵاتەکەیە، کێشەکە حوکمڕانیی خراپە. دواتر دەتوانین بڵێین کە دەستتێوەردانە دەرەکییەکانیش ئەوەندەی دیکە ئەم کێشانەی ئاڵۆزتر کردووە، بڕوانن لە وڵاتێکی وەك لیبیا کە چەندین میلیشیا و گرووپی چەکداری هەیە کە بە ئاسانی لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە بەکار دەهێنرێن. کەواتە بەشێکی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو گرووپە تیرۆریستییانە حوکمڕانیی خراپە لەسەر ئاستی ناوخۆیی، لەگەڵ بوونی دەستتێوەردانی هێزە دەرەکییەکاندا، کە دەبینین زۆربەی حکومەتەکانی ناوچەکە لەلایەن هێزە رۆژئاواییەکانەوە پاڵپشتییان لێدەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا هێز و دەستتێوەردانە دەرەکییەکان ناتوانن سەقامگیری بۆ ئەم ناوچەیە بگەڕێننەوە، بەڵکو کێشە، یان رەوشە ناوخۆییە هێندەی دیکە ئاڵۆز دەکەن.

*** باشە بە شێوەیەکی گشتی بۆچی وا دەردەکەوێت کە کێشە و قەیرانەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە قابیلی چارەسەرکردن نەبن؟ بۆچی کێشەکانی ئەم ناوچەیە وەك گرێکوێرەیان لێدێت و رۆژ بە رۆژ قووڵتر دەبنەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە بزانین کە میراتێکی کۆڵۆنیاڵی هەیە لەم ناوچەیەدا و ناکرێت نادیدەی بگرین، کە رەنگیداوەتەوە لە کێشەکانی پەیوەست بە سنووری نێوان وڵاتان و لە هەوڵەکانی هێزە رۆژئاواییەکانی بۆ بەکارهێنانی وڵاتانی ناوچەکە دژ بە یەکتری لە چوارچێوەی سیاسەت و ستراتیژیەتی «پەرت بکە و زاڵ بە»دا، کەواتە لەلایەك ئەمە پەیوەستە بە دەستتێوەردانی دەرەکییەوە، چونکە چەندین هێز هەن کە بەرژەوەندیی جیۆپۆلەتیکیان هەیە و ئەو بەرژەوەندییانەشیان بە درێژەکێشانی ناکۆکییەکان بەدی دێت. چونکە درێژەکێشانی ئەو ناکۆکییانە بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەو هێزە دەرەکییانە بۆ ئەوەی ئامادەبوونیان هەبێت و رۆڵ ببینن و زاڵ بن بەسەر حکومەتەکانی ناوچەکەدا لە پێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا. ئەوەی پەیوەست بێت بە دۆخی ناوخۆییەوە ئەوا دەتوانین ئاماژە بە نەفرەتی نەوت بکەین، کە لە راستیدا دەبوو نەوت سەرچاوەی خێر و بێر و خۆشی بووایە، بەڵام بە هۆی نەبوونی حوکمڕانیی باش و بە هۆی خراپ ئیدارەدانی ئەم سەرچاوەیەوە، ئەوا ئەم دەرئەنجامەی لێنەکەوتەوە کە چاوەڕوان دەکرا. کەواتە هەموو

**دەبوو نەوت سەرچاوەی خێر و بێر و خۆشی بووایە، بەڵام بە هۆی نەبوونی حوکمڕانیی باش و بە هۆی خراپ ئیدارەدانی ئەم سەرچاوەیەوە، ئەوا ئەم دەرئەنجامەی لێنەکەوتەوە کە چاوەڕوان دەکرا**

**راستە کە بەهاری عەرەبی بە نائومێدی کۆتایی هات، بەڵام لە ئێستادا ئەو قسە و باسەش هەیە کە بەهاری عەرەبی جووڵانەوەیەکی ناوخۆی تەواو خۆڕسکانە نەبوو، بەڵکو دەستتێوەردانی دەرەکی تێدا کرا**

ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی دۆخێكی تراژیدی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بێت.

*** بەڵام ئێمە دەزانین چەندین راپەڕین و جووڵانەوەی جەماوەری هەبوون لەم ناوچەیەدا بۆ چاككردنی بارودۆخەكە و هێنانەئارای حوكمڕانییەكی باش، لێرەدا مەبەستمان رووداوەكانی بەهاری عەرەبییە بە دیاریكراوی، باشە بۆچی بەهاری عەرەبیش بە نائومێدی و پشێوی كۆتایی هات؟**

- ئەوە راستە كە بەهاری عەرەبی بە نائومێدی كۆتایی هات، بەڵام لە ئێستادا ئەو قسە و باسەش هەیە كە بەهاری عەرەبی جووڵانەوەیەكی ناوخۆی تەواو خۆڕسكانە نەبوو، بەڵكو دەستتێوەردانی دەرەكی تێدا كرا، هەرچۆنێك بێت كاتێك ئەو رژێمانە هەستیان كرد رووبەڕووی هەڕەشە بوونەتەوە، ئەوا لەلایەك هەوڵیاندا هەندێ سازش بكەن بۆ پەرتكردن و دابەشكردنی هێزەكان، لەلایەكی دیكەوە توانییان دووبارە دەسەڵاتی خۆیان بسەپێننەوە، هەندێ جار لە رێی كودەتاوە، وەك ئەوەی عەبدولفەتاح ئەل سیسی كردی، هەرچەندە دەسەڵاتدارانی میسر هاوڕا نین لەسەر وەسفكردنی ئەم رووداوە بە كودەتا. هەرچیەك بێت ئێستا حوكمڕانییەكی سەربازی هەیە لەو وڵاتەدا. لە وڵاتی مەغریب بەڵێنی ئەنجامدانی گۆڕانكاری درا و هەندێ هەمواركردن لە دەستووردا كرا، بەڵام دۆخەكە بۆ رەوشە ئاساییەكەی پێشوو گەڕایەوە، هەمان حاڵەت لە جەزائیریش روویدا. تەنانەت لە تونسیش — كە لە هەموو وڵاتان دیموكراتیتر، یان نزیكترە لە دیموكراسییەوە- دەبینین سەرانی پێشووی دەسەڵات و كەسایەتییە بە تەمەنەكان دێنەوە گۆڕەپانەكەوە. كەواتە ئەوەی هەیە دیموكراسیەتێكی نالیبراڵی، یان رژێمێكی نیمچە خۆسەپێنییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە هەموو ئەم حاڵەتانەشدا گەنجان بە شێوەیەكی بەرفراوان فەرامۆش كراون، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بەشێكیان كۆچ بكەن، یان پەیوەندی بە گرووپە تیرۆریستییەكانەوە بكەن، واتە لێرەدا كێشەكە ئەوەیە گەنجان دەرفەت و دەربازبوونێك بەدی ناكەن، لەم روانگەیەوە دەتوانم بڵێم ئەوەی هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتییە لە رژێمێكی بەهێز و دەوڵەتێكی لاواز كە لەلایەن هێزە دەرەكییەكانەوە پشتیوانییان لێدەكرێت، لێرەوە دەكرێت بڵێین كە هێزە رۆژئاواییەكانیش بەشێكی بەرپرسیارێتی ئەو پشێوییەی دەكەوێتە ئەستۆ كە باڵی بەسەر ناوچەكەدا كێشاوە، بۆ نموونە ئەوەتا ئەوان دەستتێوەردان دەكەن و ئەمەش سەردەكێشێت بۆ دروستبوونی شەڕی ناوخۆیی و دواتر دروستبوونی شەپۆلی پەنابەران. هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی دروستبوونی دۆخێكی یەكجار ئاڵۆز، بە چەشنێك ئێستا خەڵكی ترسیان هەیە لەوەی جارێكی دیكە راپەڕین بكەنەوە، ترسەكەشیان ئەوەیە نەوەك وڵاتەكەیان دوچاری هەمان چارەنووسی سووریا، یان لیبیا، یاخود یەمەن ببێتەوە، كەواتە ئەمە ئەو گێژاوەیە كە گەلانی ناوچەكە پێوەی گرفتارن، تەنانەت لە وڵاتێكی وەك عێراقیشدا لە هەندێ ناوچەدا خەڵكی ترسیان لە ئەنجامدانی راپەڕین هەیە، چونكە پێیانوایە ئەمە دۆخێك دروست دەكات كە لە بەرژەوەندی داعش بێت، كەواتە ئێوە بڕوانن رەوشەكە چەند ئاڵۆزە.

*** كەواتە ئەگەر كۆی پرسەكە پوخت بكەینەوە، ئایا دەتوانین بڵێین كێشەكانی ئەم ناوچەیە دەرئەنجامی لاوازی دەوڵەت، یان بێتوانایەتی لە جێبەجێكردنی ئەركە بنەڕەتییەكانی بووە، هەر ئەمەش هۆكاری ئەوەیە كە هەمو جارێ ئێمە مەحكومین بە دووبارەكردنەوەی شكستەكان؟**

- من پێموایە وەڵامەكە لە خودی پرسیارەكەتاندا هەیە، چونكە ئێمە دەزانین رژێمەكانی ئەم ناوچەیە ئەزموونێكی زۆریان هەیە لە گەمەكردن بە هێزەكانی موعارەزە و بە پاراستنی بارودۆخی هەنوكەیی. لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵگە هەیە لە گەشەكردندایە و چەند هێزێكی تێدایە كە كار لەسەر ئەنجامدانی گۆڕانكاری دەكەن. من پێموایە رۆژێك دێت ئەو رژێمانەش دەگەنە ئەو راستییەی كە ئەگەر كارنەكەن بۆ چارەسەركردنی لانیكەمی بەشێكی ئەو كێشانەی خۆیان خوڵقاندوویانە، ئەوا لە ئایندەدا دووچاری لەناوچوون و داڕووخان دەبنەوە بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆییەوە، كەواتە ئەمە ئەو ساتەوەختەیە كە ئێستا ئێمەی تێداین.

**ئەوەی هەیە دیموكراسیەتێكی نالیبراڵی، یان رژێمێكی نیمچە خۆسەپێنییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە هەموو ئەم حاڵەتانەشدا گەنجان بە شێوەیەكی بەرفراوان فەرامۆش كراون، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بەشێكیان كۆچ بكەن، یان پەیوەندی بە گرووپە تیرۆریستییەكانەوە بكەن**

**رژێمەكانی ئەم ناوچەیە ئەزموونێكی زۆریان هەیە لە گەمەكردن بە هێزەكانی موعارەزە و بە پاراستنی بارودۆخی هەنوكەیی. لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵگە هەیە لە گەشەكردندایە و چەند هێزێكی تێدایە كە كار لەسەر ئەنجامدانی گۆڕانكاری دەكەن**

# چینی نوێ و ڕێگای کۆنی ئاوریشم

لە ساڵی ٢٠١٣ سەرۆک (شی جینپینگ)ی سەرۆکی کۆماری گەلی چین دەستپێشخەرییەکی ڕاگەیەناند کە گرنگی و کاریگەرییەکەی لەسەر ئابووریی جیهان و باڵانسی هێزو ململانێی نێوان سوپەرپاوەرەکان و پەیوەندیی نێودەوڵەتی بۆتە جێگەی گفتوگۆی جددیی ئەکادیمی و ئابووریناس و سیاسییەکانی دنیا بەتایبەتی ئەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەورووپا. ڕۆڵی داهاتووی چین وەك زلهێز یان سوپەرپاوەرێکی گرنگی جیهانی لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. ئەو وڵاتە ئێستا زلهێزە بەوەی کە یەکێکە لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و خاوەن توانایەکی گەورەی سەربازی و ئابوورییە، بەڵام پرسیارە گەورەکە ئەوەیە ئایا چین لە داهاتوودا دەبێتە جەمسەری یەکەم، یان دووەمی سیستەمی نوێی جیهانی کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی دانرا و تیایدا چین بوونی نەبوو؟ ئایا لەو سیستەمە نوێیەدا نەك جێگەی سۆڤیەتی جاران دەگرێتەوە، بەڵکو ئایا چین جێگەی ئەمەریکا دەگرێتەوە و دەبێتە زلهێزی جیهان لە ڕووی ئابووری و سەربازییەوە؟ ئەمانە کۆمەڵێك پرسیاری گرنگن کە شرۆڤەی جیاوازیان بۆ دەکرێت. ئەوەی جێگای گومان نییە هەڵکشانی هێز و توانای ئابووریی چینە و ئەمەش بۆتە جێگەی نیگەرانی ئەمەریکا و بەتایبەتی ئیدارەی سەرۆك ترامپ و سەرەتای جەنگی ئابووریی نێوان ئەو دوو وڵاتە.

یەکێك لەو پرۆژە ستراتیژییە گەورانەی کە چین ماوەیەکە دەستی بە جێبەجێکردنی کردوە و لەرێگەیەوە دەیەوێت پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ دەرەوە بەهێز بکات، بریتییە لە ئەوەی پێی دەوترێت دەستپێشخەریی پشتێن و ڕێگا (Belt and Road Initiative)، یان یەك پشتێن و یەك ڕێگا. بە پێی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری ئیکۆنۆمیست ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠١٣ لە لەلایەن شی جینپینگی سەرۆکی چینەوە ڕاگەیەندرا بۆ برەودان بە بازرگانی لە حەفتا وڵاتی ئاسیا و ئەفریقا و ئەورووپا لە ڕێگەی وەبەرهێنانی زۆر لە بوارەکانی ڕێگای ئاسن و مینا و وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا و بریتییە لە زیندووکردنەوەی ڕێگای کۆنی ئاوریشمی، لە کاتی ئێستادا نزیکەی ٩٠٠ ملیارد دۆلاری بۆ تەرخانکراوە. هەندێك سەرچاوەی تر بڕی ئەو پارەیەی بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوە، بە سێ تریلیۆن دۆلار دەخەمڵێنن.

ڕێگای ئاوریشم بەو ڕێگا بازرگانییەی نێوان چین و بەشێکی زۆری وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و هەندێك وڵاتی ئەورووپی دەوترا کە لە سەردەمی (هان) کانی چینی ئەمڕۆدا لە ساڵی ١١٤ی پێش زایین دەستی پێکرا و بە

لە ڕێگەی پەرەپێدانی سامان و سەرچاوەکانی ئاوەوە دەکرێت کشتوکاڵ ببووژێندرێتەوە و بڕی کارەباش زیاتر بکرێت و هەنگاوی گرنگ بەرەو پاراستنی ژینگەش بهاوێژرێت.

# وشیار سیوەیلی

بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی
پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە



شێوەیەکی سەرەکی ئاوریشمی چینی بۆ ئەو وڵاتانە دەگواستەوە، بەڵام ڕێگای بازرگانیی کاڵا و کەرەستەی دیکە و گۆڕینەوەی پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و کەلتوورییەکانی نێوان چین و ئەو دەوڵەت و نەتەوانەش بوو.

لە کۆڕبەندێکی ئابووریدا لە بەیژینگ سەرۆکی چین باسی ڕێگای کۆنی ئاوریشم و پرۆژە نوێکەی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگای کرد و وتی: «ڕێگای ئاوریشمی کۆن کە هەزاران ساڵ و هەزاران میل درێژ بووە، نیشانەی ئاشتی و هەماهەنگی و کرانەوەو لەخۆگرتن و فێربوون و سوودی هاوبەش بوو.» لە درێژەی قسەکانیشیدا وتی: «پێویستە پەیوەندییەکی نوێی نێودەوڵەتی بێنینە کایەوە کە هاوکاری بردنەوە-بردنەوە دەستەبەر بکات و پێویستە دیالۆگ لە پێناوی هاوبەشێتیدا برەو پێ بدەین.»

لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێن، خۆیان لە سیاسەت و بازاڕەکانی جیهان دوورەپەرێز بگرن، بەوەی سەرۆك ترامپ خەریکە دەرگا بازرگانییەکان بەرەورووی جیهان تەسکتر دەکاتەوە، نەك تەنیا لە گەڵ چین، بەڵکو لەگەڵ ئەورووپای هاوپەیمانی ئەمەریکا، چین بەپێچەوانەوە پێگەی ئابووریی خۆی لە دەرەوەی چین زیاتر و بەهێزتر دەکات. ئەمەش دوای ئەو پەرەپێدانە ئابوورییە سەرنجڕاکێشە دێت کە چین لە نزیکەی ٤٠ ساڵی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە. هەروەك ڕۆژنامەی فاینانشیەڵ تایمزی بەریتانی لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠١٧/٥/١٤دا نووسیبوی: «چین وەبەرهێنانی گەورە لە بازاڕەکی دەرەوە ڕادەگەیەنێت لە کاتێکدا ئەمەریکا و ئەورووپا چالاکییەکانیان لەو بازاڕانەدا کەم دەکەنەوە.»

کرانەوە ئابوورییەکەی چین لە سەر دەستی دێنگ سیاوپینگ لە ساڵی ١٩٧٨ دەستیپێکرد، دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ سەرکردە تەقلیدییەکانی ئەو کاتەی چین کە چەندین ساڵی خایاند، دێنگ سیاوپینگ بووە سەرکردەی باڵادەستی حیزبی کۆمۆنیستی چین، کەوتە جێبەجێکردنی تیۆرییەکەی کە بە (دێنگیزم) ناسراو چینی لە وڵاتێکی دواکەوتووەوە گەیاندە ئەوەی ئەمڕۆ هەیە و ڕکابەریی ئابووری و سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات. ئەو وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: «گرنگ نییە پشیلە ڕەش بێت یان سپی، بەڵکو گرنگ ئەوەیە پشیلە باش مشك بگرێت.»

قەبارە و ئاستی وەبەرهێنانی کۆمپانیا چینییەکان لە جیهاندا ڕوو لەزیادییە لە ساڵی ٢٠١٥ چین ڕایگەیاند کە تا ساڵی ٢٠٢٥ دەبێ ببێتە پێشەنگ لە بواری تەکنەلۆجی و لە ساڵی ٢٠١٧ شدا ڕایانگەیاند کە پلانیان داناوە

**دەبێت هانی کۆمپانیا چینیەکان بدەین لە هەرێم لە پرۆژە ستراتیژییەکانی پەرەپێدانی ژێرخاندا وەبەرهێنان بکەن، بەتایبەتی لە سەکتەرەکانی ئاو و کارەبا و کشتوکاڵدا**

**بەڕێز کونسوڵی گشتی کۆماری گەلی چین لە هەرێمی کوردستان لە سەردانێکیدا بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکان بڕیاری وڵاتەکەی بۆ دروستکردنی کونسوڵخانەیەکی گەورە لە نزیک کونسوڵخانەی نوێی ئەمەریکا ڕاگەیاند**

تا ساڵی ٢٠٣٠ بڕی ١٥٠ ملیارد دۆلار تەنیا لە بواری زیرەکیی دەستکرد (Artificial Intelligence) وەبەرهێنان بکەن و بە پێی ڕاپۆرتێکی فۆڕیەن پۆلیسی لە ٢٠١٨/٧/٢٤دا پار نزیکەی نیوەی وەبەرهێنانی جیهان لەو بوارەدا لە لایەن کۆمپانیا چینییەکانەوە ئەنجامدراوە و بەمەش بۆ یەکەمجار پێش ویلایەتە یەکگرتووەکان کەوتۆتەوە.

هەرچەندە وڵاتانی پەرەسێن (Developing Countries) مەیدانێکی گەورەی ئەم وەبەرهێنانە دەبن و چالاکییەکانی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی چین لە ئەفریقادا بەتایبەتی لە بواری گەیاندندا لە برەوی بەردەوامدایە، بەڵام لە ئەوروپاشدا وەبەرهێنانی گەورەیان کردووە، بۆ نموونە کۆمپانیایەکی چینی لە یەکێك لە هەستیارترین پڕۆژەکانیی بەریتانیدا کە دامەزراندنی وێستگەیەکی ناوکییە بڕی ١٨ ملیارد دۆلار وەبەرهێنان دەکات. بەگشتی ئاستی وەبەرهێنانی چین لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا لە ئەوروپا دا زۆر زیادیکردووە و تەنیا لە ساڵی ٢٠١٦ کۆمپانیا چینییەکان ٤٠ ملیارد دۆلاریان لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا وەبەرهێنان کردووە. ئەمەش سەرانی یەکێتی ئەوروپای سەخڵەت کردووە و بەنیازن یاسایەك بۆ ڕێکخستنی وەبەرهێنانی کۆمپانیا چینییەکان لە ئەوروپادا دەربکەن.

ئەوەی وایکردووە کۆمپانیا چینییەکان دەستیان لە بازاڕەکانی دنیا بەتایبەتی وڵاتانی پەرەسێن کراوە بێت، جگە لە زۆریی سەرمایەی پارە لە چین، ئەوەیە کە کۆمپانیا چینییەکان ئامادەن لەو بازاڕانەدا کە وەبەرهێنان تیایاندا ڕیسکی زۆری هەیە، سەرمایەکانیان بخەنەگەڕ لە کاتێکدا کۆمپانیا ئەمەریکی و ئەوروپییەکان ئامادەی ئەو جۆرە ڕیسکە نین. بە پێی ڕاپۆرتەکانی میدیای ئەمەریکی هەندێك لەو وڵاتانەی قەرزێکی زۆریان لە چین وەرگرتووە، تووشی کێشەی دانەوەی قەرزەکان بوون و هەشت لەو ٦٨ وڵاتەی بەشدارن لەم دەستپێشخەرییەدا کێشەیان لە دانەوەی ئەو قەرزانەدا بۆ دروست بووە، تەنانەت وڵاتێکی وەك سریلانکا لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە قەرزەکانی بداتەوە، ناچار بووە واز لە خاوەندارێتیی بەشێکی زۆری ئەو مینایە بهێنێت کە بە پارەی چین دروستکراوە.

بە پێی داتاکانی وەزارەتی گواستنەوەی چین لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا کە پڕۆژەکە ڕاگەیاندراوە کۆمپانیا چینییەکان وەبەرهێنانیان لە ٤٢ مینادا کردووە لە ٣٤ وڵات.

وەك لەسەرەوە باسمانکرد دێنگ سیاوپینگ (Deng Xiaoping) سەرکردایەتیی چاکسازییە بنەڕەتییە ئابوورییەکانی چینی کرد. ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین لە پێشکەوتنە ئابوورییەکانی ئەم وڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنیی بیر و ئازایەتیی سیاسی ئەم سەرکردەیە. یەکێك لە ستراتیژییەکانی کارکردنی بریتی بوو لە پرەنسیپە زۆر ناسراوەکەی کە تا ساڵی ٢٠١٤ش پەیڕەوی کرا، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بە هێمنی چاودێری بکەن و پێگەمان بەهێز بکەن و بە هێمنی ڕووبەڕووی ڕووداوەکان ببنەوە، تواناکانمان بشارنەوە، چاوەڕێی کاتی گونجاو بکەن، تواناکان کەمتر لەوەی هەیە پیشان بدەن و



هەرگیز بانگەشەی سەرکردایەتی مەکەن.

ئەم فەلسەفە، یان دۆکتەرینەی دێنگ سیاوپێنگ، بە لایەنی کەمەوە لە بواری ئابووریدا کاری خۆی کرد. چین بە هێمنانە بە بێ هاشوهوشی سیاسی هەر لە کۆتایی حەفتاکانەوە خەریکی ڕیفۆرمی ئابووری بوو. زۆریش باس لەوە دەکرێت کە لەوەتەی ئەم سەرۆکەی ئێستای چین دەسەڵاتی گرتۆتە دەست لەو فەلسەفەیە لایداوە و زیاتر و زۆرتر توانا ئابوورییەکانی خۆی دەخاتەڕوو. دەستپێشخەری، یان پڕۆژەی پشتێن و ڕێگا تەنیا یەکێکە لە هەوڵەکانی چین بۆ گێڕانی ڕۆڵی گەورەتر لە داهاتوودا.

ئایا چین دەتوانێت بە بێ ئەنجامدانی ڕیفۆرمی سیاسی ببێتە زلهێزێکی وا کە چۆك بە ئەمریکا دابدات؟ بە پێی ئەنجامگیرییەکانی دارۆن قاسمۆگلۆ و جەیمس ڕۆبینسۆن، نووسەرانی کتێبی (بۆچی نەتەوەکان شکست دێنن) و ئێمە وەرمان گێڕاوەتە سەر کوردی، بە بێ ڕیفۆرمی سیاسی، چین لە ئەنجامدا تووشی شکستی ئابووری دەبێت. ئەو دوو نووسەرە باڵادەستی دەزگا سیاسییەکان بەسەر دەزگا ئابوورییەکاندا دەسەلمێنن.

کۆماری گەلی چین وڵاتێکی گرنگە و هەڵوێستیان بەرامبەر هەرێمی کوردستان باشە و کونسوڵخانەیەکی چالاکیان لە هەولێر هەیە. دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە فەرمی بناخەی گەورەترین کونسوڵخانەی خۆیان لە هەولێر دانا، بەڕێز کونسوڵی گشتی کۆماری گەلی چین لە هەرێمی کوردستان لە سەردانێکیدا بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکان بڕیاری وڵاتەکەی بۆ دروستکردنی کونسوڵخانەیەکی گەورە لە نزیك کونسوڵخانەی نوێی ئەمەریکا ڕاگەیاند. لەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی لە گەڵ جەنابی کونسوڵی گشتی کردوومانە، بۆمان دەرکەوتووە کە کۆمپانیا چینییەکان حەزدەکەن لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبادا لە ڕێگەی ئاو و تیشکی خۆرەوە وەبەرهێنان بکەن.

ئێمە دەبێت سوود لە (دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا) وەربگرین. لەمەشدا دەبێت وریا بین و ئەو هەڵانەی هەندێك لە وڵاتانی بەشداربوو لە پڕۆژەکەدا کردوویانە، ئێمە نەیکەین. نابێت هەرێمی کوردستان سوودوەرگرتنەکەی لەم پڕۆژەیە بۆ وەرگرتنی قەرز بێت و قەرزەکەش بۆ دانەوەی ئەو قەرزانە بێت کە لەسەرین، یان بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی مووچە بێت، بەڵکو دەبێت هانی کۆمپانیا چینیەکان بدەین لە هەرێم لە پڕۆژە ستراتیژییەکانی پەرەپێدانی ژێرخاندا وەبەرهێنان بکەن، بەتایبەتی لە سەکتەرەکانی ئاو و کارەبا و کشتوکاڵدا. هەڵبەتە بواری ئاو کە زیاتر مەبەستم پاراستن و پەرەپێدانی سامانی ئاوە، گرنگییەکی ئابووری و سیاسی تایبەتی هەیە و لە ڕێگەی پەرەپێدانی سامان و سەرچاوەکانی ئاوەوە دەکرێت کشتوکاڵ ببووژێندرێتەوە و بڕی کارەباش زیاتر بکرێت و هەنگاوی گرنگ بەرەو پاراستنی ژینگەش بهاوێژرێت. چین خاوەنی گەورەترین سەد و وێستگەی هایدرۆپاوەرە و شارەزایی کەموێنەیان لەم بوارەدا هەیە.

**کۆمپانیا چینییەکان ئامادەن لەو بازاڕانەدا کە وەبەرهێنان تیایاندا ریسکی زۆری هەیە، سەرمایەکانیان بخەنەگەڕ لە کاتێکدا کۆمپانیا ئەمەریکی و ئەورووپییەکان ئامادەی ئەو جۆرە ریسکە نین**





### ئەندازیاری تەلارساز دیدار محەمەد گەردی

لە زانکۆی پۆلۆتەکنیکی وارشۆ:

# لە هەشتاکان دەیانگوت بەغدا زۆر لە دوبەی جوانترە، بەڵام ئێستا هەولێر لە بەغدا جوانترە

**لەم دیمانەیەدا ئەندازیاری تەلارساز دیدار محەمەد گەردی لە زانکۆی پۆلۆتەکنیکی وارشۆ، کە تێزی دکتۆراکەی ئەوەیە بەراوردێك لە نێوان هەولێر لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی بەعس و هەولێر لە سەردەمی ئازادی و حوکمڕانیی کوریدا بکات، سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی تەلارسازی لە کوردستان و چەند پرسێکی دیکە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.**

*** مێژووی تەلارسازی ئاماژەیە بۆ شارستانیەتی هەر میللەتێك، تۆش وەك ئەندازیارێکی تەلارسازی تێزی دکتۆراکەت بۆ تەلارسازیی هەولێر تەرخان کردووە، ئایا ئێمە وەك کورد تەلارسازیی تایبەت بە خۆمانمان هەیە و دەتەوێت فراوانتری بکەیت، یان نیمانە و دەتەوێت بناخەیەکی بۆ دروست بکەیت؟**

- بیگومان هەر تاکێك دەوێت جوانترین بەخشش پێشکەشی نەتەوەکەی خۆی بکات، منیش وەك کوردستانییەك و هاووڵاتییەکی شاری هەولێر، حەزمکرد ئەوەی خوێندوومە و ئەوەی بەرهەمی دەهێنم پێشکەشی کوردستان و هەولێری بکەم. ئاشکرایە کورد لە بواری تەلارسازیدا سەرچاوەی نییە و تەنانەت هیچ پەرتووکێکی تایبەت بە تەلارسازی لە کوردستاندا نییە، ئەوەی هەمانە تەنیا قەڵای هەولێرە و دەڵێن تەمەنی هەشت هەزار ساڵە، لە کاتێکدا ئەم مێژووەش بۆچوونی جیاوازی لەسەرە و هەندێك لە توێژەرانی ئەرکیۆلۆژی لە میانەی توێژینەوەکانیاندا کە توێژینەوەیان لەسەر شوێنەوارەکانی دەوروبەری هەولێر کردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن تەمەنی ئەو قەڵایە زۆر لە هەشت هەزار ساڵ زیاترە، هەر بۆیە دوای ئەوەی کە ناونیشانی تێزی دکتۆراکەم لە زانکۆی پۆلۆتەکنیکی وارشۆ لە پۆلەندا پەسەند کرا، زۆر گەڕام هیچ پەرتووکێکم لەسەر تەلارسازیی کوردستان دەست نەکەوت، بۆیە بەناچاری گەڕامەوە بۆ ئەوەی لە پۆلەندا تێزی دکتۆراکەم تەواو بکەم و پشتیوان بە خوا لە کۆتایی ساڵ موناقەشەی تێزی دکتۆراکەم دەکەم.

*** ئایا ئەو بابەتە سەرەکییانە چین کە بوونە تەوەری سەرەکیی تێزی دکتۆراکەت لەسەر تەلارسازی هەولێر؟**

- لەگەڵ پرۆفیسۆری سەرپەرشتیارم وا بڕیار دراوە کە تێزی دکتۆراکەم بکرێتە کتێب بۆ ئەوەی قوتابیانی بەشی تەلارسازی وەك سەرچاوەیەك سوودی لێوەربگرن، بۆیە لە توێژینەوەکەم پێش هەموو شت باسی ئەوەم کردووە کە کورد وەك نەتەوە کێیە؟ ئەم نەتەوەیە کە ئێستا لە چوارچێوەی هەرێمێکی فیدراڵیدا خۆی بەڕێوە دەبات، سیستمە سیاسییەکەی چۆنە؟ ئەو لایەنە سیاسییانەی رۆڵی سەرەکی لە حوکمڕانیی کوردستان دەگێڕن، کام لایەنانەن؟ بۆیە لەم بەشانەدا باسم لە مێژووی کورد و کوردستان کردووە، ئاماژەم بەوە کردووە ئێستا کوردستان لە سایەی سیستمێکی دیموکراتی و فرەحزبی بەڕێوە دەچێت و دوو پارتی سەرەکی ( پارتی و یەکێتی) رۆڵی سەرەکی لە حوکمڕانی دەگێڕن، دوای ئەمانە بەشێکم تەرخان کردووە بۆ قەڵای هەولێر و توێژینەوەم لەسەر ئەوە کردووە، بۆچی ئەم قەڵایە لەو شوێنە دروستکراوە؟ لە ئاکامی توێژینەوەکانم گەیشتوومەتە ئەوەی کە کاتی خۆی شوێنی ئێستای قەڵا لە نێوان دوو رووبار بووە و بە تێپەڕبوونی کات لە ماوەی هەشت تا نۆ هەزار ساڵی رابردوو پڕبوونەتەوە و نەماون، رووبارەکانیش یەکێکیان بەلای باکووری قەڵادا بەرەو تەیراوە رەتبووە، ئەوی دیکەشیان لە باشوورەوە بەلای بازاڕی نیشتمانی ئێستادا تێپەڕیوە، کە ئەمە هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی قەڵا لەو شوێنە دروست بکرێت، هەندێك سەرچاوەی دیکەش هەن دەڵێن، پێش دروستکردنی ئەم قەڵایەش، ئەو شوێنە پێشتر شارێك بووە و هاتوون لەسەر شارەکە ئەم قەڵایەیان دروستکردووەتەوە. ئەم بۆچوونە لە ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٣ لەلایەن شوێنەوارناسانەوە کاری لەسەر کراوە، بەڵام لەساڵی ١٩٧٤ بەهۆی سەپاندنەوەی شەڕ لەلایەن رژێمی عێراق بەسەر شۆڕشی کوردستان ئەم پڕۆژەیە وەستێنرا، لە ساڵانی ٢٠١٠- ٢٠١٤ ژمارەیەکی زۆری شوێنەوارناس لە چەندین وڵاتی جیاوازەوە هاتنە کوردستان و دیسان دەستیان کردەوە بە کنە و پشکنین و نزیکەی شەش مەتر هەڵکۆڵینیان کرد، بەڵام لە ٢٠١٤ بەهۆی بڕینی بودجە لەلایەن حکومەتی عێراق و هەڵگیرسانی شەڕی داعشەوە، ئەمجارەش پڕۆژەکە راگیرا. لە دوای قەڵا باسی گەڕەکەکانی تەعجیل و جوولەکان و عەرەبانم کردووە، کاتی خۆی لە بەشی رۆژهەڵاتی شوێنی بازاڕی ئێستای هەولێر، کاروانسەرا هەبووە، ئەم کاروانسەرایە بازرگانیی ئاسیا و ئەوروپای بە یەکەوە بەستووەتەوە، چونکە هەولێر ناوەندی رێگەی هەریر بووە کە ئەو رێگەیە ئاسیا و ئەوروپا بە یەکەوە گرێدەداتەوە. دوای ئەوە هاتوومەتە سەر باسی دروستکردنی گەڕەکی ئازادی، ئەم گەڕەکە لەدوای گەڕەکەکانی دەوروبەری قەڵا یەکەمین گەڕەك بووە کە لە هەولێر دروستکراوە، ئەو ئەندازیارە تەلارسازانەی نەخشەی ئەو گەڕەکەیان

**یەکێک لەو پڕۆژانەم کە ئیلهامەکەیم لە وتەیەکی سەرۆک بارزانی لە کۆڕەوەکەی ١٩٩١ وەرگرتووە، کە گوتی: بێچگە لە چیاکان کەس دۆستمان نییە، منیش چیایەکم دروست کردووە لە ناوەڕاستدا بووەتە دووبەش لە نێوان دوو چیاکەش هەردوو رووباری دیجلە و فورات کە سەرچاوەکەی لە کوردستانە هاتوونەتە دەرەوە**

**کاتی خۆی لە بەشی رۆژهەڵاتی شوێنی بازاڕی ئێستای هەولێر، کاروانسەرا هەبووە، ئەم کاروانسەرایە بازرگانی ئاسیا و ئەوروپای بە یەکەوە بەستووەتەوە، چونکە هەولێر ناوەندی رێگەی هەریر بووە کە ئەو رێگەیە ئاسیا و ئەوروپا بە یەکەوە گرێدەداتەوە**

**چۆن وارشۆی سەردەمی دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی شارێکی کۆن و دواکەوتوو و ناشیرین بوو، کە دوای ئەوەی بووە سیستمێکی دیموکراتی گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بە خۆیەوە بینی، بە هەمان شێوە هەولێریش زۆر زیاتر لە وارشۆ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە**

کێشاوە، ئەوروپی بوون، لەبەر ئەوەی ئەوکات لە زانکۆکانی عێراق ئەندازیاری تەلارساز نەبوون، گەڕەکی ئازادی بە شێوەیەکی مودێرن دروستکراوە، دوو قوتابخانەی کوڕان و کچانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی تێدا بووە، نەخۆشخانە و بنکەی پۆلیس و یانەی تێدا بووە، یاریگای بۆ دروستکراوە.

*** ئایا باسی ئەو گۆڕانکاریە گەورانەی هەولێرت نەکردووە کە لە سایەی حوکمڕانیی کوریدا تیایدا هاتووەتەئاراوە؟**

- بە ڕاستی ئامانجی سەرەکیی تێزی دکتۆراکەم ئەوەیە کە بەراوردێک لە نێوان هەولێر لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی بەعس و هەولێر لە سەردەمی ئازادی و حوکمڕانیی کوریدا بکەم، ئەمەشم لە بەراوردکردنی وارشۆی پایتەختی پۆلەندا لە سەردەمی حوکمڕانیی دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی و پاشانیش دوای نەمانی کۆمۆنیستی وەرگرتووە، ئەوجا چۆن وارشۆی سەردەمی دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی شارێکی کۆن و دواکەوتوو و ناشیرین بوو، کە دوای ئەوەی بووە سیستمێکی دیموکراتی گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بە خۆیەوە بینی، بە هەمان شێوە هەولێریش زۆر زیاتر لە وارشۆ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، جیاوازیی هەولێر لەگەڵ وارشۆ ئەوەیە کە ئەو لەدوای ڕووخانی کۆمۆنیستەوە بەشێوەیەکی تەدریجی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە هەتا ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، گۆڕانکارییەکانی هەولێر زۆر لەسەر خۆ بوون، لەبەر ئەوەی حکومەتی کوردستان هیچ داهاتێکی لەبەر دەست نەبووە، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و نووسینەوەی دەستووری عێراق و دیاریکردنی پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق، ئەمەش واتە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٤ بە جۆرێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە کە دەکرێت پێی بگوترێت «میترۆپۆلی هەولێر»، میترۆپۆلیش، دە خاڵی بۆ دیاریکراوە و بەو شارە دەگوترێت میترۆپۆل کە هەموو مەرجەکانی میترۆپۆلی تێدا بێت، بۆیە بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەو گۆڕانکارییەی لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٤ لە هەولێر ڕوویداوە، لە هیچ شارێکی دیکەی ئەم جیهانە وا بە خێرایی ڕووی نەداوە، هەر بۆ نموونە لە هەشتاکان دەیانگوت بەغدا زۆر لە دوبەی جوانترە، بەڵام ئێستا هەولێر لە بەغدا جوانترە.

*** باشە کە ئەم هەموو ماندووبوونەت کردووە، بۆ فراوانترت نەکرد و باسی ئاوەدانکردنەوەی هەموو کوردستان بکەیت؟**

- بۆ نووسینەوەی تێزی دکتۆرا، هێندەی بڕیاری ئەو پرۆفیسۆرانەی سەرپەرشتیت دەکەن، ڕۆڵی هەیە، هێندە ناونیشان، یان خواستی قوتابییەکە ڕۆڵی نابێت، بۆیە پرۆفیسۆری سەرپەرشتیارم لە سەرەتادا بەوەش ڕازی نەبوو کە ناونیشانەکەی لە سەر هەموو شاری هەولێر بوو، ئەوان جەختیان لەوە دەکردەوە کە دەبێت تەنیا لەسەر قەڵا بنووسم، بەڵام پاشان لەبەر ئەوەی هەولێر کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە لە هیچ شارێکی ئەم جیهانە نییە، بۆیە ڕازی بوون کە لە سەر شاری هەولێر توێژینەوەکەم بکەم.

*** باشە ئەو تایبەتمەندییانەی هەولێر چین کە تەنیا لەم شارە هەیە و لە هیچ شارێکی دیکەی دونیادا نییە؟**

- ئەوەی دەڵێم پرۆفیسۆری سەرپەرشتیارم لەسەری نووسیوە و بڵاویشتی کردووەتەوە، تایبەتمەندیی هەولێر، قەڵا و ماستەرپلانەکەیەتی کە لە هەشت بازنە پێکهاتووە، ئەو نووسیویەتی هیچ شارێکی دیکە لە جیهاندا لەسەر ماستەرپلانی هەشت بازنە دروست نەکراوە.

*** بەڵام ئەم بازنانە پێشتر هەبوون و لە ماستەرپلانی هەولێردا بازنەکانی دیکە زیادکراون، بۆ نموونە بازنەی ٦٠ مەتری و ١٠٠ مەتری هەبووە، ئێستا بازنەکانی ١٢٠ مەتری و ١٥٠ مەتری و پشتێنەی سەوزی بۆ زیاد دەکرێت، ئایا بۆ دەبێت ئەم هەشت بازنەیە ببنە تایبەتمەندیی دەگمەن؟**

- ئەوجا خۆی ئەمەیە جیاوازیی نێوان هەولێر لە سەردەمی داگیرکاری و دیکتاتۆریدا و هەولێر لە سەردەمی ئازادی و دیموکراسیدا، بەڵێ ڕاستە لە شەست و هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کاتێک بازنەی شەقامی ٦٠ مەتری و ١٠٠ مەتری دروستکرا، ئامانج لێی ئەوە بوو کە شارەکە بە تەواوی کۆنترۆڵ بکرێت و ڕێگە لە چالاکیی پێشمەرگانە بگیرێت، بۆیە خەڵکی هەولێر ئەو کات زۆر ڕقیان لەو شەقامە بازنەییانە بوو، بەڵام لەسەردەمی ئازادیدا ئەم بازنانە بوونە سیمایەک بۆ جوانیی هەولێر و ئاسانکاریی هاتووچۆ لە

**لەدوای ڕاپەڕینەوە هەتا ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، گۆڕانکارییەکانی هەولێر زۆر لەسەر خۆ بوون، لەبەر ئەوەی حکومەتی کوردستان هیچ داهاتێکی لەبەر دەست نەبووە**

**ئەو گۆڕانکارییەی لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٤ لە هەولێر ڕوویداوە، لە هیچ شارێکی دیکەی ئەم جیهانە وا بە خێرایی ڕووی نەداوە**

**ئەوەی دەڵێم پرۆفیسۆری سەرپەرشتیارم لەسەری نووسیوە و بڵاویشتی کردووەتەوە، تایبەتمەندیی هەولێر، قەڵا و ماستەرپلانەکەیەتی کە لە هەشت بازنە پێکهاتووە، ئەو نووسیویەتی هیچ شارێکی دیکە لە جیهاندا لەسەر ماستەرپلانی هەشت بازنە دروست نەکراوە**

**لە شەست و هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کاتێک بازنەی شەقامی ٦٠ مەتری و ١٠٠ مەتری دروستکرا، ئامانج لێی ئەوە بوو کە شارەکە بە تەواوی کۆنترۆڵ بکرێت و ڕێگە لە چالاکیی پێشمەرگانە بگیرێت، بۆیە خەڵکی هەولێر ئەو کات زۆر ڕقیان لەو شەقامە بازنەییانە بوو**



شارەکەدا، هەر بۆ نموونە وارشۆ هەر هێندەی هەولێر دەبێت، کاتێك بمەوێت لە باشوورەوە بچمە باکوور نزیکەی سەعات و نیوێك تا دوو سەعاتم پێدەچێت، بەڵام هەولێر بمەوێت لە باشوورەوە بچمە باکووری شارەکە هەر ٢٠ تا ٣٠ خولەکم پێدەچێت، بۆیە ئەم بازنانە و باشیی ڕێگەوبانەکان زۆر کاری هاتوچۆی لە هەولێر ئاسان کردووە، ئەوجا خۆ هەر بازنەکان لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراتی گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، هەر بۆ نموونە پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان لە سەردەمی دیکتاتۆری سەربازگە بوو، لاوەکانی هەولێری تێدا گوللەباران دەکرا، بەڵام ئێستا بووەتە گەورەترین پارك لە کوردستان و نەك تەنیا خەڵکی هەولێر، بەڵکو خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دیکەش بۆ سەیران و گەشتوگوزار سوودی لێ وەردەگرن.

*** کەواتە وەك ئەندازیارێکی تەلارساز و یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بەشی تەلارسازیی زانکۆی وارشۆ هیچ ڕەخنەیەکت لە ئاوەدانکردنەوەی هەولێر نییە؟**

- من باسی کەموکورتیم نەکردووە، بەڵکو باسی گۆڕانکاریم کردووە، ئەوجا ئەگەر بێینە سەر وردەکارییەکان، بەڵێ لەم گۆڕانکارییەدا شوێن هەیە زۆر ڕێکوپێك دروستکراوە، وەك ئەو گرووپە باڵاخانەی ئیمپایەر، چەندان تەلار و باڵاخانەی دیکە، بەڵام هەندێکی دیکە هەن زۆر بە ئیهمالی دروستکراون، وەك بەشێك لەو گوندە تازانەی لە هەولێردا بۆ شوێنی نیشتەجێبوون دروستکراون.

*** دیارە ئەندازیاری تەلارساز، پێش ئەوەی ئەندازیار بێت، دەبێت هونەرمەندی بواری وێنە و شێوەکاری بێت، ئایا جگە لە بواری دیزانی شار و تەلارەکان، لە بواری مۆنۆمێنت و پەیکەردا هیچ پڕۆژە، یان بەرهەمێکت هەیە؟**

- وەك پڕۆژە، بەڵێ چەندین پڕۆژەم هەیە، بەڵام بەداخەوە پڕۆژەکانم نەکەوتوونەتە بواری جێبەجێکردن، وەك دەزانن پڕۆژەی مۆنۆمێنت و پەیکەر خەرجییەکی زۆری دەوێت و دەبێت حکومەت بۆی دابین بکات. یەکێك لەو پڕۆژانەم کە ئیلهامەکەیم لە وتەیەکی سەرۆك بارزانی لە کۆڕەوەکەی ١٩٩١ وەرگرتووە، کە گوتی: بێجگە لە چیاکان کەس دۆستمان نییە، منیش چیایەکم دروست کردووە لە ناوەڕاستدا بووەتە دووبەش لە نێوان دوو چیاکەش هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات کە سەرچاوەکەی لە کوردستانە هاتوونەتە دەرەوە و هەروەها لەسەر ئەو دوو ڕووبارەش ئاگری بابەگوڕگوڕ بەرز بووەتەوە، پڕۆژەیەکی دیکە، پڕۆژەی پێشمەرگەی ونە، هەروەها پڕۆژەی سەربەخۆیی ئافرەتان و ئەنفالی بارزانییەکان و داری ئازادی، پشت بەخوا کە گەڕامەوە بۆ پۆلەندا دیزاینی ئەم پڕۆژانە بۆ گۆڤارەکەتان دەنێرم و دڵخۆش دەبم لەسەر لاپەڕەکانی گوڵان بڵاو بکرێنەوە.

**وارشۆ هەر هێندەی هەولێر دەبێت، کاتێک بمەوێت لە باشوورەوە بچمە باکوور نزیکەی سەعات و نیوێک تا دوو سەعاتم پێدەچێت، بەڵام هەولێر بمەوێت لە باشوورەوە بچمە باکووری شارەکە هەر٢٠ تا٣٠ خولەکم پێدەچێت، بۆیە ئەم بازنانە و باشیی ڕێگەوبانەکان زۆر کاری هاتوچۆی لە هەولێر ئاسان کردووە**

# خەبات لە پێناوی هێمنیدا و زیانەکانی ژاوەژاو

خەبات لە پێناوی هێمنیدا، ناونیشانی لاوەکیی کتێبێکی (تیۆدۆر بێرلاند)ـە و ناونیشانە سەرەکییەکەیشی (بەرەنگاربوونەوەی ژاوەژاو)ـە، کە بریتییە لە (٣٧٤) لاپەڕە و وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە کتێبەکەشدا ئاماژە بە قسەیەکی (ڤان کۆك) کراوە کە دەڵێت: «ڕۆژێك دادێت کە مرۆڤایەتی ناچار دەبێت لە پێناوی هێمنیدا جەنگ لە دژی ژاوەژاو بەرپا بکات، هەروەك سەردەمانێك جەنگی لە دژی تاعون بەرپاکرد.»

ژاوەژاو، بریتییە لە دەنگێك، یان چەند دەنگێکی تێکەڵ بەیەك بوو، کە زۆر جار مانایەکی ئاشکرا و دیاریکراویان لێ بەدەست ناهێنرێت.

ژاوەژاو بە یەکەی (دیسیبڵ) دەپێورێت، کە لە ڕاستیدا یەکە نییە، بەڵکو ڕێژەیەکە بۆ پێوانی ژاوەژاو.

ژاوەژاو سەرچاوەی جیاجیای هەیە، وەك:

١- هۆکارەکانی گواستنەوەی وەك ئۆتۆمبێل و فڕۆکە و شەمەندەفەر و ماتۆڕ.

٢- کارگەکان: وەك کارگەی ئاسنگەری و دارتاشی و ڕستن و چاپەمەنی.

٣- ئامێر و کەلوپەلی ناوماڵ، وەك گسکی کارەبایی و رادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕێکۆردەر.

٤- قەرەباڵغی و بەیەکداچوونی خەڵك لە بۆنە و ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبوونەوە فراوانەکان و یاریگاکاندا.

ژاوەژاو زیانی زۆر بە مرۆڤ دەگەیەنێت، زیانەکانی ژاوەژاویش دەوەستێتە سەر چەند فاکتەرێك لەوانە:

١- پلەی دەنگەکە.

٢- ماوەی بەرکەوتن.

٣- دووری و نزیکی لە سەرچاوەی دەنگەکە.

٤- کتوپڕیی دەنگەکە.

٥- جۆری کار لەناوەندێکی ژاوەژاودا.

زیانەکانی ژاوەژاو: زیانەکان زۆرن، بەڵام ئەمانەی لای خوارەوە نموونەی هەندێکیانن:

١- لاوازکردنی هەستی بیستن.

٢- بەرزکردنەوەی فشاری خوێن.

٣- تێکدانی کاتی نووستن و کەمخەوی.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەنووسێت

٤- کەمکردنەوەی توانای بیرکردنەوەی چڕ.
٥- تێکدانی لێدانی ئاسایی دڵ.
٦- تووڕەبوون، سەرئێشە، دڵەڕاوکێ.

بۆیە پێویستە هەنگاوی خێرا بنرێت بۆ کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی، لەو هەنگاوانەش:-

یەکەم : بۆ هۆکارەکانی گواستنەوە:

١- قەدەغەکردنی هۆڕنی هەوایی و دیاریکردنی کاتەکانی بەکارهێنانی هۆڕنی ئاسایی، چونکە زۆرێك لە شوفێران ڕۆشنبیرییان کەمە لەم بوارەدا.

٢- هاوردەکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لەکاتی ئیشکردندا دەنگی نزم دەردەکەن.

٣- ئەنجامی پشکنینی ساڵانەو کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ شوفێران لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هاتوچۆوە.

دووەم : بۆ ماڵ و گەڕەکەکان:

١- کەمکردنەوەی دەنگی بڵندگۆکان.

٢- کارکردن بە یاسای قەدەغەکردنی ژاوەژاو.

٣- نەهێشتنی دیاردەی چەکداری و تەقەی خۆشی، بە پشتبەستن بە یاسا.

سێیەم : کارگەکان:

١- ڕێگەنەدان بە دروستکردنی کارگەی خاوەن ئامێری دەنگ بڵند لە گەڕەکەکاندا.

٢- چاککردنەوە و نوێکردنەوەی ئامێری کارگەکان هەموو ساڵێك.

٣- پاراستنی هەستی بیستنی کرێکاران بە ئامێرەکانی پاراستنی گوێ لەکارگەکاندا.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێین کە ژاوەژاوی دنیای جەنجاڵ و پڕدەنگ، هانی (ئەلکیسیس کاریل)ی دا کە بڵێت:

«ئێمە قوربانیی دەستی ئەو پێشکەوتنەین کە زیاتر لە بواری مادیدا بە دەستمان هێناوە لەسەر حیسابی دواکەوتنمان لە بواری زانستەکانی ژیاندا.»

(بڕۆم و سیلیزینك)یش دەڵێن: «پێویستە ئێمە ئەو ئامێرانە بەرهەم بهێنین کە مرۆڤ دەیانبەن بەڕێوە، نەك ئەو ئامێرانەی کە مرۆڤ بەڕێوەدەبەن و کۆنترۆڵی ژیانیشی دەکەن.»